نەوژین
ژمارە (٢٥) چوارشەمە ٢٠١٨/١٢/٢٦
مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات



نەوژین و
خەونی گەورەتر

6««

### (١٢) ژمارە و (٢٧٦) بابەت لە ساڵێک دا

# بەشدارانی راپرسیەک بونی نەوژین بەگرنگ دەزانن



■ نەوژین

**لەماوەی ساڵی دوەمی دا، رۆژنامەی (نەوژین) ١٢ ژمارەی دەرکردوە و تیایدا (٢٧٦) بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردوەتەوە.**

نەوژین، وەکو تاکە رۆژنامەی تایبەتمەند بە پرسەکانی ژنان لە گەرمیان، لەلایەن رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) مانگی جارێک لە دەڤەرەکە دا بڵاو دەبێتەوە. یەکەم ژمارەی رۆژنامەکە، لە ٢٠١٦/١٢/٢٢ دا بڵاوکرایەوە و ٢ ساڵ بەسەر دەرچواندنی ئەو رۆژنامەیەدا تێدەپەرێت.

لە ساڵی دوەمی دا، رۆژنامەکە ١٢ ژمارەی بڵاوکردوەتەوە، کەلەمیانەی دا (٢٧٦) بابەتی رۆژنامەوانی بڵاوکردوەتەوە، کە پێکهاتوە لە: (هەواڵ، راپۆرتە هەواڵ، راپۆرت و چیرۆکی رۆژنامەوانی و وێنەیی، ریپۆرتاژ، دیداری رۆژنامەوانی، وتار، دەقی ئەدەبی، بابەتی ئامادەکراو و وەرگێڕاو).

هەروەک تێکڕا لەو ٢ ساڵەدا و لەمیانەی ئەو ٢٤ ژمارەیەی رۆژنامەکەدا، (٥٦٨) بابەتی رۆژنامەوانی بڵاوکردوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە و لە ساڵیادی دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەکەدا، ستافی رۆژنامەی (نەوژین) راپرسیەکیان ئەنجامداوە.

نازەنین گۆران، سەرپەرشتیاری ئەم ژمارەیەی رۆژنامەکە، لەوبارەوە رایگەیاند: لە راپرسیەکەدا نیوە زیاتری بەشداران کە بەدیارییکراوی رێژەکەیان (٤,٥٠٪)ە، رایان وابوە کە بونی رۆژنامەکە بۆ ناوچەی گەرمیان، گرنگ و پێویستە.

وتیشی: بەگشتی رای بەشدارانی راپرسیەکە لە هەڵسەنگاندنیان بۆ رۆژنامەی (نەوژین)، تاڕادەیەکی زۆر ئیجابی بوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئاستی رۆژنامەکە، لەنێوان (مامناوەند) بۆ (زۆرباش) بوە.

یەکێکی تر لەو بوارانەی کە رۆژنامەی (نەوژین) لە سەرەتاوە گرنگیی پێداوە، مەشق و راهێنانی رۆژنامەوانی بوە.

لەوبارەوە (نازەنین گۆران) وتی: لەمچوارچێوەیەشدا مانگی پێشو رۆژنامەکە خولێکی کراوەی راهێنانی رۆژنامەوانی بۆ ژنانی سنوری گەرمیان بەڕێوەبرد، بڕیاریشە لە داهاتودا خول و راهێنانی دیکە ئەنجام بداتەوە.

ئەوەشی خستەڕو کە رۆژنامەکە بۆ ساڵی سێیەمیش بەردەوام دەبێت و لەپاڵ چاپی کاغەزیی دا، هەوڵیش دەدەن پەرەی زیاتر بە نوسخەی دیجیتاڵی رۆژنامەکە بدەن، بەتایبەتی گرنگیدان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

---



٢ کچ نۆرینگەیەکی پزیشکیی ئاژەڵان لە کفری دەکەنەوە

4««

ژنێک گەرەکێتی ناوی کەلار بکاتە براندێکی ناسراو

5««





خۆبەخشانی نەخۆشخانەی منالبون: کەس بە خزمەتەکانمان نازانێت

8««

# لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بەناوی شیرینییەوە پارە وەردەگیرێت



**ئافرەتێکی ئاوارە هەر ١٥ هەزاری پێبو، (١٠) هەزاریان لێسەند**

**بەشێکی زۆری خێزانەکان خۆیان پارە دەدەن بە ناوی شیرینی و مەولودی**

**▪ نەوژین، زریان محەمەد**

**لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب لە کەلار لە کاتی هاتنە دونیای منداڵ، باجیەکان و کارمەندەکان پارە وەردەگرن لە هاوڵاتیان بە بیانوی شیرینی، ئەوەی مایەی تێبینیە ئەوەیە لە بەرامبەر لە دایکبونی منداڵی کوڕ پارەیەکی زیاتر وەردەگیرێت وەک لە کچ.**

ئاوات ئەحمەد، ٢٧ ساڵ، دەرچوی پەیمانگایە و دانیشتوی شاری کەلارە، سەبارەت بە وەرگرتنی پارە لە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من جارێکیان مرافقی دشەکەم بوم کوڕی بو، داوای پارەیان کرد وتی کوڕی بوە یەکی ٢٠ هەزار بەخشیشمان پێبدەن، منیش وتم خۆ ئێوە منداڵتان پێ نەداوە خواپێی داوە ١٠ هەزار زیاترم پێنیە ئەتانەوێ لەخزمەتانام فەرمون ناتانەوێ ماڵتان ئاوا».

بەهەمان شێوە، ئالان محەمەد، ٢٤ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلارە بۆ (نەوژین) وتیی: «بۆ کچەکەم پارەیان بردبو لە دایکم بۆ هەمو باجیەکان، بۆ کوڕەکەشم باجیەکە وازی نەئەهێنا ئەیوت پارەمان بدەنێ عەزیەتمان پێتانەوە کێشاوە پەرستارەکانیش گوناحن».

وتیشی: من خۆیان داوایان کرد بۆ کچەکەم پارەمان پێیان دا، بەڵام بۆ کوڕەکەم لە رق دا پێیانم نەدا، چونکە وەخت بو بمرم کەس نەهات بەلامەوە.

وەرگرتنی پارە لە چوارچێوەی ئەو ژنانە نەماوەتەوە کە منداڵیان دەبێت، بەڵکو هەوڵ دەدرێت لەو ژنانەش وەربگیرێت کە منداڵیان لەبار دەچێت.

گوڵاڵە، ناوی خوازراوی ژنێکی تری شاری کەلارە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من جارێک لەوێ بوم، ئافرەتێکی لێبو منداڵێکی (٣) مانگی لەبار چوبو، وتی ئەبێت ٢٥ هەزارمان بدەیتێ، گریمان پەرستارەکان خۆبەخش بن، ئێ باشە پەرستارەکان خۆبەخشن خۆ بۆ ئێمەی ناکەن بۆ خۆیانە».

وتیشی: ئافرەتێکی ئاوارەی دوزخورماتوی لێبو منداڵی ببو، داوای پارەیان لێدەکرا وتی بەخوا هەر ئەو پانزە هەزارەم پێیە، پەرەستارەکە وتی من هەقم نیە ئەبێت پێم بدەیت ژنەکەش (١٠) هەزاری پێی دا.

ژنان باس لەوەدەکەن وەرگرتنی پارە لێیان بەناوی شیرینیی و خێر بۆ هاتنە دونیای منداڵەکەوە، کارێکی ناچاریی و نایاساییە، باجیەکانیش ئەوە دەزانن.

زارا، ژنێکی تری شاری کەلارە، سەبارەت بە وەرگرتنی پارە لە نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «باجیەکان لە هۆڵی لە دایکبون پارە وەرناگرن، چونکە کامێرای لێیە، کە دەیانهێننە ژورەکەی تر دواتر دێن داوا دەکەن، تەنانەت داوای لە ئێمەش کرد منیش توڕە بوم لێیان وتم ئەمە دەیکەن فێڵە و بە چ قانونێک وەری دەگرن؟ ئیتر ترسا و وازی هێنا».

لە بەرامبەر قسەی هاموشۆکەرانی نەخۆشخانەکە، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، بونی حاڵەتەکە پشتڕاست دەکاتەوە.

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب لە کەلار بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بە نیسبەت پارە وەرگرتنەوە ئەمە کلتورێکی کۆنە و پێش ئەم نەخۆشخانەیە هەبوە کە جاران خەڵک پارەی ئەدا بە مامانەکان بە ناوی شیرینی و مەولودییەوە، کە ئێستاش هەیە لە نەخۆشخانەکەمان ئێمە هەوڵمان داوە کەمی بکەینەوە، ئەویش بە سزادانی ئەو کەسانەی کە وەری دەگرن چ لە باجییەکان کە سزای کارگێڕیان وەرگرتوە چ لە کارمەندەکان کە هەمان بوە نەقڵمان کردوە و سزامان داوە».

وتیشی: «هەر کەسێک بێتە لای ئێمە و بڵێت پارەیان لێوەرگرتوین ئەوا ئیجرائاتی خۆمان دەکەین و کردوشمانە، بۆیە داوا لە ژنان دەکەین کە لەو کاتانەدا بێنە ئیدارەی نەخۆشخانەکە و سکاڵا تۆمار بکەن».

جەختیشیکردەوە: بەشێکی زۆری خێزانەکانیش خۆیان پارە دەدەن بە ناوی شیرینی و مەولودی.

# پرسەی ژنان لە دڵنەوایکردنەوە دەبێتە بارگرانی

**▪ نەوژین، ڕێناس ساڵەح**

**«من دایکم کە ئازیزترین کەسمە لەدەست دابو، پێویستم بەوە بو لە شوێنێکی بێدەنگ دا ئارام ببمەوە، کەچی لەناو خێمەیەکدا هاوار و جرتوفرتی منداڵ و دەنگە دەنگی خەڵک و دەمەتەقێ و لێنانی خواردن بە مەنجەڵی گەورە، بۆ چرکەیەک بێدەنگی بە دارا ئەچوم». (مرواری نەجیب) وا دەڵێت.**



**هەندێک لە ژنان بۆ نمایشکردنی جل و ئاڵتونەکانیان دەچنە پرسەکان**

ئەوەی (مرواری) هەستی پێدەکات، جێگەی باری سەرنج و رەخنەی زۆرێکی تر لە ژنانە، ئەویش کاتێک توشی کۆستی لەدەستدانی کەسێکیان دەبن، روبەڕوی قورساییەکی تریش دەبنەوە لە دانانی پرسە، کە ئەمەش وادەکات هێندەی تر باری سەرشانیان گران بێت.

جیاواز لە پرسەی پیاوان، پرسەکانی ژنان لەگەرمیان قەرەباڵەغییەکی زۆرتری هەیە و کاتەکەشی زیاترە، بەتایبەت کە ئێستاش خێوەت بۆ پرسەکان دادەنرێت لەنێو کۆڵانەکان دا.

رۆشنا مەحمود، کە کۆچی خوشکەکەی لە روداوی هاتوچۆ دا بۆ ئەو ناخۆشترین کارەساتی ژیانی بوە، باس لەوە دەکات ئەو کاتەی خێزانەکەیان توشی ئەو روداوە بوە تاوەکو ئێستا ئاواتی ئەوەیە ئەمجۆرە پرسەیە نەمێنێت.

وتی: «ئێمە لە روی دەرونیەوە زۆر نارەحەت بوین، لەلایەک بە ماڵئاوای خوشکەکەم و لەلایەکی تریشەوە هەرا و بەزمی تەعزیە».

ئەو کچە باس لەحاڵەتێکیش دەکات بەوەی ژنانێک بەبێ ئەوەی ئاشنا و خزمیان بن سەردانی پرسەکان دەکەن و زۆرجاریش منداڵ لەگەڵ خۆیان دێنن و دەست بە قسەو دەمەتەقێ دەکەن، ئەمەش هێندەی تر کەشی پرسەکە قەرەباڵەغ و پڕ هەرا دەکەن.

کێشە و تێبینیەکان لەسەر پرسەی ژنان وەک خودی ژنان ئاماژەی بۆ دەکەن زۆرن، بەتایبەتی کە بۆنەکە لەوەدەردەچێت ببێت بە رێگەیەک بۆ دڵنەوایی خێزانی کۆچکردوەکە.

وەک ژنێک ئاماژەی بۆ کرد، هەندێک لە ژنان ئێستا بۆ نمایشکردنی جلی کوردی و ئاڵتونەکانیان دەچنە پرسەکان نەک وەک هاوخەمی کەسانی کۆچکردو.

(مرواری) لەوبارەوە دەڵێت: «کە ئەو ژن و کچانە دەبینیت تێناگەیت ئەمە ئاهەنگ گێڕانە یان پرسەی ماتەمینی؟!»

لەگەڵ ئەمانەشدا پرسە دانان بۆ لایەنی دەرونی کەسانی کۆچکردو سودی خۆی هەیە، وەک (نازدار عەلی) دەڵێت.

ئەو کە مامۆستایە لەکەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەگەر بڕۆیتە پرسە بۆ دڵنەوایی کەسوکاری کۆچکردو شتێکی مرۆڤانە و جوانە».

بەڵام ئەویش هاوتای ژنانی تر، شێوازی ئێستای پرسەدانان بە باش نازانێت لە روی زۆری بەشداری خەڵکانێک کە پێویست ناکات بچنە پرسەکەوە «بەشێکی زۆری ژنان بۆ دەمەتەقێی خۆیان دەڕۆن بۆ پرسە، لە خێمەکەدا باس باسی خەنە و وسمە و زەمی هێوەر و دش و خەسوە».

لە روی ئاینیشەوە پرسە یەکێکە لە سونەتەکان کە موسوڵمانان بۆ دڵنەوایی کەسوکاری کۆچکردو سەردانی پرسە دەکەن، وەک پیاوێکی ئاینی هێمای بۆ دەکات.

م. جاسم کەلاری، وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی گەیلانی لەکەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) دەگێرنەوە کاتێک مردویەک بمردایە ژنەکان لە دەوری یەک کۆدەبونەوە، بەڵام ئەم دانیشتن و سەردانە بۆ دڵنەوایی و سەرەخۆشیە، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە کە کەسێکی مردوە بە تەنها بەهۆی خەفەتی زۆرەوە توشی ئازاری دەرونی زۆر نەبێت بۆ پیاویش هەر بەهەمان شێوەیە».

وتیشی: «ژن دروستە بڕوات بۆ سەرەخۆشی و دڵدانەوە، بەڵام ئەگەر بۆ خۆڕازاندنەوە و دەمەتەقێکردن و شیوەنکردن ئەمانە هەموی حەرامە، بەتایبەتی شین و گریان کە لە ئیسلام نەهی لەسەر کراوە».

بە رای ئەو مامۆستا ئاینییە، پێویستە بۆنەکە لە چوارچێوەکەی خۆی کە دڵنەوایی کردنە بهێڵرێتەوە، لەم روەوە بارگرانی و دروستکردنی خواردن بە نەگونجاو دەزانێت.

وتی: بەپێی ئەو فەرمودەییەی کە ئەنەسی کوڕی مالیک گێراویەتیەوە، ئەفەرموێت: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا دا کۆبونەوە و خواردن دروستکردنمان لە پرسە وەکو شیوەن حسابکردوە ئەوەندە گوناهە، کەواتە دروست نیە خواردن دروستبکرێت بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و قەرەباڵەغی دروستکردن.

# باوكان بە یەک چاو لە كچ و كوڕەكانیان دەڕوانن



> باوكان كە پیر دەبن ئینجا زیاتر قەدی كچەكانیان دەزانن

> گرنگیدان بە كوڕان و پشتگوێخستنی كچان، بەخراپ دەشكێتەوە

**▪ نەوژین، ئەسما كەریم**

**(ئامینە) سەرەڕای ئەوەی كچێكی لادێنشینە و ژیان لەلادێدا دەباتەسەر، بەڵام باوكی هیچ جۆرە جیاوازیەک لەنێوان ئەو و براكانیدا ناكات، وەكخۆی دەیڵێت: «بەیەكچاو تەماشامان دەكات و لێمان دەڕوانێت».**

جیاكارییكردنی باوكان لەنێوان منداڵە كوڕ و كچەكانیان، ئەگەر نەڵێین دیاردە، ئەوا بێگومان حاڵەتێكی بەرچاوە، بەڵام سەربارى ئەوەش هەندێک لە باوكان ئەمەیان ئاوەژو كردوەتەوە.
ئامینە محەمەد عەلی، ٢٥ ساڵ، دەرچوی پەیمانگا، بۆ (نەوژین) وتی: «دو خوشک و دو براین لەماڵەوە، باوكم هیچ جیاوازیەک لەنێوان ئێمە و براكانمدا ناكات و بگرە ئێمەشی لە براكانم زیاتر خۆشدەوێت، هەموكات هاوكار و پشتیوانمان بوە، ئەمەش لەكاتێكدایە لەلادێ دەژین و كەشێكی كۆمەڵایەتی یاخود پیاوسالاری بەسەر لادێكاندا زاڵە».
(جیلان رەشید) بەهەمان شێوە باس لەوە دەكات باوكی هیچ جیاوازیەک لەنێوان ئەو براكەیدا ناكات، هەروەک باوكی زۆر بەدادپەروەریەوە مافەكانی بەسەر ئەو و براكەیدا دابەش كردوە.
ئەو كە تەمەنی ٢٢ ساڵە و خوێندكاری زانكۆیە، دەڵێت: «هەرچەندە براكەم تاقانەیە، بەڵام باوكم زۆر بەیەكسانی مامەڵە لەگەڵ من و براكەمدا دەكات، باوكم هەموكات من و براكەمی وەكو یەک بینیوە، هەر ئازادیەكی بەبراكەم دابێت بەمنیشی داوە و هەمو كات وەكو قەڵغان لەپشتم بوە و پشتگیری كردوم، بەتایبەت لەبواری خوێندن».
لەگەڵ ئەمەشدا، كچانێک هەن كە هەست بەجیاوازیەكی زۆری رەگەزی دەكەن لەنێوان خێزانەكەیاندا، پێیانوایە بەچاوی پلە دو تەماشادەكرێن بەتایبەت لەلای باوكیان.
(نان) كە ناوی خوازراوی كچێكە، لەكاتی چۆنیەتی هەڵسوكەوتكردنی باوكی لەگەڵ ئەو و براكانیدا بەئاشكرا هەست بەو جیاوازیە دەكات كەباوكی بەرامبەریان دەیكات.
وتی: «باوكم خۆشەویستی تەواوی بەخشیوە بەبراكانم و ئازادی تەواوی پێداون، بەڵام منی بێبەشكردوە لەخۆشەویستی خۆی و گرینگی زۆرم پێ نادات بەراورد بەبراكانم چونكە من كچم».
باوكانێک بەشانازی زۆرەوە باس لەكچەكانیان دەكەن، پێیانوایە هەبونی منالی كچ نیعمەتێكی زۆر گەورەیە و هیچ جۆرە جیاوازیەک لەنێوان كچ و كوڕ دا نیە و یەكسانن لەمافدا، بەڵكو كۆمەڵگاكە وای كردوە كچ و كوڕ جیاواز سەیر بكرێن.
كەریم جەبار، ٣٠ ساڵ، كەباوكە و پیشەی مامۆستایە، وتی: «باوكی یەک كچ و یەک كوڕم و بگرە كچەكەم زیاتر خۆشدەوێت، چونكە زۆر گوێڕایەڵمە، هەمو كات هەوڵی ئەوەم داوە ئازادی و خۆشگوزەرانی تەواوەتی بۆ كچەكەم دابین بكەم».
(ئەحمەد) كە باوكێكی تەمەن ٥٠ ساڵە و هەمان بۆچونی لەسەر كچەكەی هەیە، ئاماژە بەوە دەكات «باوكان كە پیر دەبن ئینجا زیاتر قەدی كچەكانیان دەزانن، چونكە كچان بەراورد بەكوڕان زیاتر خزمەت و گرنگی بەباوكیان دەدەن لەو تەمەنەدا».
لەبەرامبەریشدا، باوكانێک هەن كچەكەیان بەئەندامێكی پلە نزم یاخود لاوەكی خێزانەكەیان تەماشا دەكەن، بەپێچەوانەشەوە كوڕەكانیان لەئاستێكی بەرزدا دەبینن.
هێمن عەزیز، ٣٦ ساڵ، باوكە و پیشەی كاسبە، بۆ (نەوژین) دوا: «سێ كچ و سێ كورم هەیە، كچانیشم خۆش دەوێت، بەڵام زیاتر كوڕەكانم خۆشتردەوێت، چونكە كوڕەكانم دەبنە جێگرەوەی من لەداهاتودا و پشت و پەنای منن».
پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ تاچەند ئەم جیاوازی رەگەزیە و بەكەم سەیركردنی منالی كچ لەلایەن باوكیەوە كاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ سەر دەرونی كچان؟
هاوار كەریم، توێژەری كۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) وتی: «كاتێک خێزان ئازادی رەها بەكوڕەكانیان دەدەن و لەبەرامبەریشدا كۆت و بەند دەخەنە سەر كچەكانیان، ئەمەش بەخراپ بەسەر باری دەرونی كچەكانیاندا دەشكێتەوە».
وتیشی: ئەمەش مەترسی و كێشەی گەورەتر دەبێت بۆ داهاتوی كچەكە.

# ژنان بۆچی غیرە دەكەن؟

**▪ نەوژین، نازەنین گۆران**

**«غیرەی ژن وەكو خەنجەرە»، گۆرانیبێژی ناوداری عێراقی لە گۆرانیەكی دا كە هۆنراوەكەی هی (كەریم ئەلعێراقی)یە وادەڵێت. پرسیاری گرنگ ئەوە نییە كە ئایا غیرەی ژن وەكو خەنجەرە یان نا، بەڵكو لەوە گرنگتر ئەوەیە: بۆچی ژنان غیرە دەكەن؟**

غیرەكردن كە تائێستا بە كوردیی دەستەواژەیەكی پڕاوپڕی بۆ نەدۆزراوەتەوە، حاڵەت یان خویەكە، كە كەسێک بەرامبەر بە كەسێكی دیكە دەینوێنێت، ئەم خوەش جۆرێكە لە دڵپیسی یان حەزی خۆ بەخاوەن بون یان ئیرەیی بردن.
واباس دەكرێت، ژنان زیاتر لە پیاوان غیرە دەكەن، زیاتریش غیرە لە هاوسەر و دەزگیران و خۆشەویستیان دەكەن.
ئێمە لێرەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بزانین: بۆچی ژنان غیرە دەكەن؟
«خۆشەویستیەكی زۆرم بۆ مێردەكەم وام لێدەكات غیرەی لێ بكەم».
كوردە رزگار، (٢٤) ساڵ، بەم رستەیە وەڵام دەداتەوە.
ئەو باس لەوە دەكات هاوسەرەكەی زۆر خۆش دەوێت و هەرگیز دڵپیسیی لێ نەكردەوە، بەڵام ئەوەی دەیكات غیرە كردنە، كە بەرای خۆی لەگەڵ دڵپیسی دا دو شتی جیاوازن.
ئەگەر ئەو ژنە غیرەكردن بە پیشاندانی خۆشەویستیەكی زۆر بزانێت، ئەوا بەپێچەوانەوە ژنێكی دیكە وایدەبینێت پێگەی ژن لاواز دەكات.
گوڵاڵە، (٣٢) ساڵ، بە (نەوژین)ی وت: «وا بیر دەكەمەوە ئەگەر غیرە بكەم خۆم بە كەم دەبینم».
وتیشی: كاتێک كەسێک سڵاوی لە مێردەكەت كرد و تۆ رقت بەرامبەری هەڵگرت و دوای یەخەی مێردەكەت گرت لەسەری، كەواتە خۆت بە كەم دەبینی بەرامبەر ئەو كەسە.
بەڵام كەسانی پسپۆڕ، بەوپێیەی لێكدانەوەیان ورد تر و بنكۆڵكار ترە، هەربۆیە هۆكار و روكارەكانیش بەشێوەی دیكە دەستنیشان دەكەن. هەیە پێیوایە ئەم حاڵەتە پەیوەستە بە پەروەردەی منا لیی تاكەكانەوە.
محەمەدنەجیب، توێژەری كۆمەڵایەتی، بە (نەوژین)ی وت: «پەروەردەكردنی منال لایەنێكی گرنگە، چونكە تۆوی ئەم گرفتە بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی».
توێژەرێكی دیكە وایدەبینێت كە هۆكارێكی سەرەكیی غیرەكردن، پەیوەستە بە ترسی لەدەستدان.
دڵشاد ستار، توێژەری دەرونی، بۆ جەختكردنەوە لە قسەكانی، بە (نەوژین)ی وت: «هەمو غیرەكردنێک دڵپیسی نیە، چونكە بەشێكی غیرە لە ئەنجامی خۆشەویستی زۆرەوە دێت».
وتیشی: «غیرەكردن هەستكردنە بە ترس لە لەدەستدان، بەوەی كەسێكی دیكە بێت و ئەو كەسەی تۆ خۆشت دەوێت لێت ببات».
ئەو توێژەرە پێشیوایە كە غیرەكردن لای ئافرەتی كورد زیاترە تاوەكو پیاو، ئەگەرچی لەو بارەوە لێكۆڵینەوە یان سەرچاوەیەكی نەخستەڕو، بەڵام پێیوابو كرۆكی هۆكاری مەسەلەكەش خراپ حاڵی بون یان نەبونی هۆشیاریی پێویستە.
غیرەكردن مشتومڕی زۆری لەسەرە و چەندین توێژینەوە لە بارەیەوە ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هۆكار وەكو پاڵنەری دروستبون و سەرهەڵدانی غیرەكردن لە ناخی تاک دا دیاریكراوە.
بەكر محەمەد، توێژەری دەرونی، لە بارەی پاڵنەرەكانی دروسبونی غیرەكردنەوە دەڵێت: بەشێكی غیرەكردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشینەیەی كە ژن لە پیاوەكەی بینیوە، یان كاتێک ژنێک دەبینێت پیاوەكەی گرنگی زیاتر دەدات بە ژنێكی دیكە، وای لێدەكات غیرە بكات.
رونیشیدەكاتەوە: «دڵپیسی جیاوازی زۆری لەگەڵ غیركردندا هەیە، غیرە شتێكە لە هەستی زۆر ئافرەت دا هەیە».



# 2 کچ نۆرینگەیەکی پزیشکیی ئاژەڵان لە کفری دەکەنەوە

■ نەوژین، نیگار عومەر

**شیرین و نیگار، دو پزیشکی ئاژەڵانن لە قەزای کفری، دوای تەواوبونی خوێندن و بێ ئومیدبونیان لە دامەزراندن، بڕیاریانداوە خۆیان ببن بە خاوەن کار و دەستبەرداری پسپۆڕێتیەکەیان نەبن، هەربۆیە کلینکێکی ڤێرتێرنەرییان لە شارەکەی خۆیان کردوەتەوە، خاوەن ئاژەڵەکانیش لە کارەکانیان رازیین و خێزانەکەشیان شانازییان پێوە دەکەن.**

**نیگار** مەجید و شیرین کەنعان، ماوەی ٣ ساڵە پێکەوە لە قەزاکەی خۆیاندا، کیلنکێکیان تایبەت بە چارەسەری ئاژەڵان داناوە، جگە لە پێدانی دەرمانی تایبەت بە نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان، چەندین کاری دیکەی پزیشکیش لە بوارەکەیان دا دەکەن.
نیگار مەجید، ٤٤ ساڵ، لەبارەی پرۆژەکەیانەوە بۆ (نەوژین) دوا و وتی: «ئێمە دو کچین و پێکەوە هەمو کارەکانی خۆمان بەڕێوە دەبەین، بەشێوەیەک کە بوەتە جێگای دەستخۆشی خەڵکێکی زۆر».
باسی لەوەشکرد ئەگەرچی زۆرینەی ئەوانەی سەردانیان دەکەن پیاوانن، بەڵام توشی بەریەک کەوتن نەبون لەگەڵیاندا و بگرە لە کارەکانیشیان رازین.
وتی: «زیاتر پیاوان سەردانی ئێمە دەکەن، چونکە ئیشی خانمان ورد و جوانترە».
لەم کلینکەدا کۆمەڵێک ئیشی پزیشکیی جیاواز بۆ ئاژەڵان ئەنجام دەدرێت، وەکو: (پشکنین، تیشک، سۆنار و ...هتد).
نیگار، دەڵێت: لەم کلینکەی ئێمەدا بەشی ئاژەڵانمان جیاکردوەتەوە، وەک: ئاژەڵی بچوک و گەورە، پشیلە و سەگ و مانگا و باڵندە و جۆرەکانی تر.
هەروەها داودەرمانی تاقیگە و هەمو جۆرە چارەسەرێکمان لا هەیە.
ئەو دو کچە پزیشکە، هەر بەتەنیا لە کلینکەکەیان چارەسەر نادەن، بەڵکو زۆرجاریش خۆیان سەردانی شوێنەکان دەکەن بۆ بینینی ئاژەڵە نەخۆشەکان.
شیرین، لەوبارەوە وتی: «ئێمە لەهەمو کاتێکدا وەک پزیشکێکی ئاژەڵان لەئێشکگریی داین، هەرکات ئاگادار بکرێینەوە لە هەر گوند و ناوچەیەک کە ئاژەڵێک پێویستی بە چارەسەرە، ئێمە بەهانایەوە دەچین و چارەسەری دەکەین».
نیگار-یش باسی لەوەکرد کە ئیشەکەی ئەوان جیاوازە و هەندێکجار تا نیوە شەو سەرقاڵن بە نەشتەرگەریی ئاژەڵانەوە.
ئەم دەرچون و گەڕان و کارکردنە، ئەگەر بەلای کەسانی دیکەوە حاڵەتێکی نامۆ بێت، ئەوا بەلای خێزانەکانیانەوە، مایەی شانازیە.
باوکی شیرین، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «کاتێک کچەکەم نەشتەرگەری بۆ ئاژەڵێک دەکات و ژیانی لەمردن رزگار دەکات، ئێمە زیاتر پێمانخۆشە سوربێت لەسەر ئیشەکەی».
ئەم پشتیوانیەی خێزانەکەیان و ئەو ئەزمونە سەرکەوتوەی کە لە ئیشەکەیاندا بەدەستیان هێناوە، ئەو دو کچەی هانداوە بیر لە باشترکردنی پیشەکەیان بکەنەوە. هەروەک رێنمایی کچانی دیکەش دەکەن کە چاویان لێبکەن.
«داواکارین هەر ئافرەتێک هەر جۆرە شارەزایی و زانست و پسپۆڕیەکی هەیە، بایەخی پێبدات و زیاتر پێشیبخات و تەسلیمی واقیع و ئاستەنگەکان نەبێت».
(شیرین و نیگار) بە پێداگیرییەوە وایان وت.

> کارەکەمان بوەتە جێگای دەستخۆشی خەڵکێکی زۆر





# مامۆستایەکی زانکۆ خەمی پیسبونی ژینگەی گەرمیان دەخوات

■ نەوژین، فاتمە جمعە

**ئەو وەکو مامۆستاکانی دیکەی نەکردوە کە هەر بە تەنیا بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست بێنێت و دەستبەرداری چالاکیی مەیدانیی بێت، بەڵکو لەرێگەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی زانستی و مەیدانییەوە، بەردەوامی بە چالاکیەکانی داوە، خەمی گەورەی ئەویش، پسپبونی ژینگەی گەرمیانە، هەبۆیە زۆرینەی بەدواداچون و لێکۆڵینەوەکانی، لەم بوارەدا چڕ کردوەتەوە.**

دڵپاک ئەحمەد، ٣٣ ساڵ، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە جوگرافیا و ئێستا مامۆستای زانکۆی گەرمیانە.
ئەم کچە بواری ژینگە و پیسبونی ژینگەی بەدیارییکراویی کردوەتە پسپۆڕیی وردی خۆی، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوامە لەگەڕان و بەدواداچون کردنی زانستیی و دەیەوێت هەمو ئەو مەترسیانە پیشان بدات کە لەسەر ژینگەی گەرمیانە.
لە دیدارێکی (نەوژین) دا ئاماژەی بەوەکرد کە پاش تەواوکردنی بەشی جوگرافیا لە زانکۆی گەرمیان بە پلەیەکی باش، ماوەیەک ( مو عید ) دەبێت و پا شا ن ما ستە ر دەخوێنێت لە بوارەکەی خۆی دا و چوار ساڵە خاوەنی ئەو بڕوانامەیەیە.
ماستەرنامەکەی (دڵپاک) لەبواری جوگرافیای ژینگەیی دایە، بەدیاریکراوی (ژینگە و پیسبون)، زۆرینەی توێژینەوەکانیشی پەیوەندیدارە بە ژینگەی گەرمیانەوە.
وتی: «ناونیشانی ماستەرنامەکەم: (شیکردنەوەی جوگرافی بۆ کێشەی پیسبونی ئاوی روباری سیروان لە هەرێمی کوردستان دا) بو، ئەمەش گەڕان و بەردەوامی زۆری دەویست، بەڵام توانیم بەیارمەتی خێزانەکەم ئەم قوناغەش بەسەرکەتوی ببڕم».
لەدوای بەدەست هینانی بڕوانامەی ماستەر، (دڵپاک) بەردەوام دەبیت لەچالاکی و تۆژینەوەکانی لە بوارەکەی خۆی دا.
«دوابەدوای بەدەستهینانی ئەم بڕوانامەیە بەدرێژایی کاری ئەکادیمی خۆم، سێ توێژینەوەی ژینگەیی دیکەم ئەنجامداوە و لەچوارچێوەی پیسبونی ژینگەی شاری کەلاردا کارەکانم کردوە».
ئەو باس لەوەدەکات بەوهۆیەی ژینگەی ئەو ناوچەیەی کە لێی هاتوەتە دونیاوە روبەڕوی زۆر ئاستەنگ و مەترسی دەبێتەوە، بۆیە دەخوازێت تاکەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتداران لەو مەترسیی و پێشهاتانە ئاگادار بکاتەوە و بەهەمو لایەکەوە هەوڵی بەخاوێن هێشتنەوە و پاراستنی ژینگەی ناوچەکە بدەن.
ئەم هەوڵ و تەقەلایانە، هەمو کات ئاسان نییە، بەتایبەت بۆ ژنان، بەڵام ئەو سوربونی خۆی و پاڵپشتییە بەردەوامەکانی خێزانەکەی، بەهۆکار دەزانێت بۆ بەردەوامبونی.
وتی: «خێزانەکەم هۆکاری گەیشتنی من بون بەئامانجەکانم».
وادیارە ئەو ئامانجانەی ئەم کچە گەرمییانیە هەیەتی، لێناگەڕێت هەر لەم ئاست و قۆناغەدا بمێنێتەوە، ئەوەتا ئێستا هەوڵ بۆ خوێندنی دکتۆرا دەدات.
لەوبارەوە دەڵێت: «من هەمیشە وتومە و دەیلێمەوە ئەگەر ئامانجیکت هەبو لەژیان دا، بێگومان ئەگەر هەوڵی بۆ بدەیت و لەپێناوی دا ماندو بیت، درەنگ یان زو پێی دەگەیت».



# ژنێک گەرەکێتی ناوی کەلار بکاتە براندێکی ناسراو







■ نەوژین، شۆخان حەمەساڵەح

**ئەگەرچی بەهەنگاوی سادە و ساکار دەستی پێکردوە، بەڵام سوربون و حەز و پێداگیریی، وایان کردوە ئیشەکانی رۆژ دوای رۆژ بەرەوپێشەوە بچن، ئێستاش توانیویەتی براندێکی دیزاینی تایبەت بەناوی «کەلار دیزاین» دابنێت، چاوی لەوەیە کارەکەی لەسەر ئاستی کوردستان بناسێنێت و پەرەی پێبدات.**

لە تەنیشت ماڵەکەیانەوە لەگەڕەکی (کەلاری کۆن)، (سومەیە) دوکانێکی داناوە، لەوێوە نەخشەسازیی و دیزاینی کاری دەستی و جلوبەرگ ئەنجام دەدات.

ئەو کاتەی ئێمە سەردانمان کرد، سەرقاڵی حەوشە شوشتن بو، کارەکەی بەجێهێشت و لەگەڵمان بەرەو دوکانەکەی رۆشتین.

سومەیە حەسەن عەبدولڕەحمان، لە گەڕەکە میلیەکەیان دا، دوکانێکی بۆ کارە خەیاتی و دەستیەکانی کردوەتەوە، هەروەک ناوێکی بۆ کارەکەشی داناوە کە «کەلار دیزاین»ە.

ئەوەی کارەکانی ئەم ژنە دوکاندارەی کەلاری کۆن جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە جگە لە بەرگدورییی، کاری دیکەش دەکات.

باسی لەوەکرد ماوەی دو ساڵە کاری دەستی لەهەمو بوارە جوانکارییەکانی «اکسسوارات» کچان و ژنان و جوانکاری ماڵ ئەنجام دەدات.

بەرهەمەکانی: (ملوانکە، دەستبەند ، تاج ، تەسریحە، جلی منداڵ، بازن، جێگەی نوستنی منداڵ و ...هتد) دروست دەکات. وتیشی: «یەکەم کەس بوم قوتوی دیاریم لەهەناری سروشتی دروست کردوە».

سەبارەت بەوەی ئەم پیشەی تاچەند بوەتە سەرچاوەیەک بۆ بژێویی، وتی: «یارمەتیدەرێکی کەمە و بەشێوەیەکی سەرەکی نەبوەتە سەرچاوەی دارایی، بەڵام گەشبینم بۆ داهاتو».

ئەو خێزاندارە و خاوەنی ٢ منداڵە، بەڵام وەک ئاماژەی بۆ دەکات، توانیویەتی هاوسەنگیەک لەنێوان پیشە و ئەرکە خێزانیەکەی دا رابگرێت.

بە تۆنێک لە سوپاسگوزاریشەوە وتی: «هاوسەرەکەم پاڵپشتی هەرە بەهێزی منە، چونکە ئەم کارەی من دەرچون و دەرکەوتنی تێدایە، ئەگەر هاوکاری ئەو نەبێت، ئاسان نابێت بۆم».

ئەم خانمە ئەندامی گروپی دەستڕەنگینی کچانی کەلار و دەستەی گزنگە بۆکاری دەستی. وتی: تائێستا بەشداری (١٠) پێشانگام کردوە کە یەکێکیان لەشاری سلێمانی و ئەوانی تر لە گەرمیان بون.

ئاماژەی بەوەدا لە رێگەی ئەم کارەوە سودی بۆ ئەو کەسانە هەبوە کە ویستویانە لە بوارەکەدا فێر بن و کار بکەن، ئەویش لەرێگەی کردنەوەی خولی فێرکاری و راهێنان.

لەجیهانی ئەمڕۆدا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پرۆسەی بەبازاڕکردن و ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکان، (سومەیە) بە باشی ئاگاداریی ئەو رۆڵەیە، هەربۆیە سودی لەو تۆڕانە بینیوە.

وتی: لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە توانیومە کارەکانم بۆ کڕیارەکانم پیشان بدەم و بڵاوبکەمەوە و لەوێوە کڕیار بەدەست بهێنم.

وادیارە خەونی ئەم ژنە گەورەترە لەوەی ئێستا پێی گەیشتوە، بەڵکو چاوی لە بەرەوپێشەوەچونی زیاترە «دەمەوێت ئەم کارانەم هەر بەناوی (کەلار دیزاین) بکەمە براندێکی کوردیی ناسراو».

# بەشداریکردن لە خول، کات بەسەربردن یان فێربونی پیشە؟

■ نەوژین، سەرگوڵ خەلیل

**(هێشو) لەسەر ئەو مێزەی لەسەری دانیشتوە، جدیی تر لە هەر خوێندکارێک کەلە پۆلەکاندا دەیبینیت، خۆی سەرقاڵکردوە بە وانەکەیەوە. تاوێک سەیری تیانوسەکەی بەردەستی دەکات و تاوێکیش لە شاشەی کۆمپیوتەرەکەی رادەمێنێت. وادیارە دەیەوێت ئەو وانەیەی ئەمڕۆ لە خولی فێربونی کۆمپیوتەردا دەیخوێنن، بەزویی لەبەر بکات و فێری بێت.**

هاوشێوەی ئەو کچە، سەدان ئەگەر نەڵێین هەزاران، لە ژنان و کچانی گەرمیان رویان لە خولە جیاوازەکان ناوە، هەندێکیان خولی کەلتوریی وەکو فێربونی زمان و بەهێزکردنی وانەکانی خوێندنن، هەندێکی دیکەشیان خولی فێربونی پیشە جیاوازەکانن.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئەم بەشدارییە چڕ و زۆرە، تەنها بۆ کاتبەسەربردن و پشو وەرگرتنە، یان سود بینینە لەوەی ببن بەخاوەن کارامەیی و پیشەیەک؟

هێشو حەسەن ساڵەح، ٢٢ ساڵ، بەشداری لەخولی فێربونی کۆمپیوتەر کردوە. بۆ (نەوژین) دەڵێت: من خۆم حەزێکە بۆ ئەو پیشەیە کە بمەوێت کاری بۆ بکەم و بەردەوام بم.

دەشڵێت: «لەهەمان کاتدا بەسەربردنی کاتێکە بۆ شتێک کە تیایدا دەتوانی فێر بیت نەک لەماڵ دانیشیت و کات بە شتی هیچ بەسەر بەریت».

بەزۆری لەلای خۆمان، کچان ئەو بوارەی لە قوتابخانەو پاشان زانکۆ و پەیمانگا دەیخوێنن، کاری داهاتوی ژیانیان دیاریی دەکات، بەڵام کچانێک جیاواز لەم رێچکەیە بیر دەکەنەوە.

هایدە حسامەدین، ٢٨ ساڵ، خاوەنی سەنتەری بەرگدوری هایدەیە، باس لەوە دەکات کە ئەو دەرچوی بەشی مێژوە، بەڵام بەوهۆیەی زۆری حەز لە بەرگدوری هەبوە، توانیویەتی پاش بەشدارییکردن لە خولێکی راهێنان، ببێت بە بەرگدور و پاشان سەنتەرێکی تایبەت بەو بوارەش بکاتەوە.

بە تێڕوانین لەو رێژە بەرچاوەی ژنانی بەشدار بو لە خولە جیاوازەکان، پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: ئایا ئەوان هیچ رێگریەکیان نایەتە پێش لەماڵەوە یا کۆمەڵگا لە کاتی پیادەکردنی ئەم کارەیان؟

رەیان ئەحمەد، ٢٢ ساڵ، کە بەشداریی لە خولێکی ئارایشت دا کردوە، وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە «من پاش ئەوەی بەشدارییم لە خولەکە کرد، چەندین ئۆفەری کارکردنم بۆهات، بەڵام ماڵەوەمان رێگەیان نەدام کار بکەم».

بەڵام ئەو کچە بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو ئێستا لە بوارێکی دیکە کە کاری شیرینی و ئیشی دەستە، کاردەکات.

بەڵام ئایا هەمو بەشدارانی خولەکان بە دەردی (رەیان) دەچن، یان دەرفەتیان نابێت کارێک بدۆزنەوە و بەردەوامی بەو هونەر و کارامەییە بدەن کە لە خولەکان دا فێری بون؟

> باشترە لەماڵ دانیشیت و کات بە شتی هیچ بەسەر بەریت

> پاش بەشدارییم لە خولێک ماڵەوەمان رێگەیان نەدام کار بکەم

بەڕێوبەری بەکارخستنی پیشەیی گەرمیان، کە چەندین خولی راهێنانیان لە بوارە جیاوازەکان دا بۆ ژنان کردوەتەوە، باس لەوەدەکات کە دو ئاراستە هەیە.

عیماد تەوفیق، رونیکردەوە: بەشداران لە پاش خولەکان بڕوانامە وەردەگرن، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێک بۆیان بۆ پەیداکردنی کار، هەروەک هەندێکیشیان دەتوانن سودمەند بن لە «قەرزی بچوک» و لەرێگەیەوە کار و پیشەی خۆیان دروست بکەن.





# نەوژین لە زاری ستافەکەیەوە

■ نەوژین

**ئەوانەی لە پشت دەرکردنی رۆژنامەی (نەوژین)ەوەن، ژمارەیەک کچن کە هەمو ژمارەیەک خەمی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی چیرۆک و باس و بەسەرهاتی ژنان و کێشە و ئالەنگاری و بەرەوپێشەوەچون و دەستکەوتەکانیان بە وشە دەهۆننەوە و لێرەدا دەیخەنەرو.**

ئەوان لە ساڵیادی دوەمی دەرچواندنی رۆژنامەکەیان دا، را و هەست و بۆچونی خۆیان دەردەبڕن.



## ساڵێک ئەزمونی جوان

■ فاتمە جمعە

خولێکی رۆژنامەوانی یەکەم هەنگاوی من بو بۆ نیو دونیای راگەیاندن و ئاشنابون بەکاری رۆژنامەوانی. ئەو خولە کە رۆژنامەی (نەوژین) کردیەوە، منی راکێشا بۆ ناو ئەم دونیایە و کارکردنی زیاتر لەسەر خەم و کۆژانەکانی ژنان.
نەوژین، تەنها خەم و ئازاری خانمانی کەلاری لەخۆ نەگرتوە، بەڵکو لەپاڵ باسکردن لەکێشەکانی خانمان، توانیویەتی بەهرە و توانای خانمان و بەرەوپێشچونیان لە زۆر بواری جیاوازدا لەکەلار و دەوروبەری نیشان بدات. هەروەک هانی خانمانی تر بدات بۆ بەرەوپێشچون و هەوڵدان.



## شوێنێک بۆ ئەوانەی خەمی رۆژنامەوانیانە

■ نیگار عومەر

نەوژین، شوێنێک بو بۆ کۆکردنەوەی ئەو کچانەی کە حەزێکیان هەیە بۆ کاری رۆژنامەوانی لەگەرمیان و هیچ شوێنیک نەبو بۆی بچن.
ئەم رۆژنامەیە ئێمەی بەیەک گەیاند و هەوڵەکانی بۆ کۆکردینەوە بەمەبەستی درێژدان بە پەیامی رۆژنامەوانییەکی ئامانجداری سەربەخۆ.
من دوای بەشداری کردنم لە خولی دوەمی رۆژنامەوانی نەوژین، توانیم پەرە بەو حەز و خولیایەم بدەم کە لە بواری رۆژنامەوانی دا هەمە و دەخوازم بشتوانم بەردەوام بم لە درێژەدان بەو کارە.



## نەوژین، ژیانێکی نوێ

■ سوزان خەلیل

نەوژین، دەستپێکی ژیانێکی نوێ بو بۆ ئەو کچانەی وەکو من کە حەز و خولیای بواری رۆژنامەوانیان هەبو.
نەوژین، بۆ من ئەو بەرهەمە بو کە فێری زۆر شتی کردم لە ژیان دا، فێری کردم هەمیشە نەشکێم و بەرز رابوەستم و بەردەوامبم، ئەگەرچی ئاستەنگی زۆریش لە رێگەم بێت. زۆر شت رێگری لێ کردوم کە بەردەوام بم، بەڵام ئەو حەز و خولیایەی کە هەمبو بۆ بواری راگەیاندن، لێنەگەڕا دەستبەرداری ئەو خولیایەم بم.



## رۆژنامەیەکی تاک

■ دیمەن ئیسماعیل

هەر لەمناڵیەوە خولیا و ئاواتی من کاری راگەیاندن بو، ئەگەرچی لە رێگەی خوێندن و بروانامەکەوە نەمتوانی بەم ئاواتەم بگەم، بەڵام (نەوژین) رێگایەک بو بۆ گەیشتن بەو ئاواتەم.
ئەگەرچی کاری راگەیاندن بۆ کچان تارادەیەک ئاسان نیە، بەڵام بەهۆی سوربونم لەسەر بەدیهێنانی ئەو حەز و خەونەی هەمە بۆ پیشەکەم، توانیومە تا ئێستا بەردەوامی بەکارەکەم بدەم.



## نەوژینی کۆسپ شکێن

■ ئەسما کەریم

ئامانج لە دروستبونی رۆژنامەی (نەوژین) دەرخستنی توانا و بەهرەکانی ژنانی گەرمیانە، هەروەک کارکردنە بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانی ژنان لەناوچەکەدا و شکاندنی سەرجەم ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێتە رێگەیان و وادەکات نەتوانن تواناکانیان دەربخەن.
بۆ کچێکی وەکو من، بەم تەمەنە کەم و ئەزمونە کەمەی رۆژنامەوانیەوە، (نەوژین) ئەو پەنجەرەیە بو کە توانیومە لەرێگەیەوە چیرۆکی سەرکەوتن و ئازار و کێشەی زۆرێک لە کچانی ناوچەکەم بخەمەرو.



## ٢ ئاراستە تێڕوانین لە نەوژین

■ شۆخان حەمەساڵەح

لەکاتی کارکردن لە (نەوژین) ئەوەمان بەدی دەکرد بە دو ئاست لێی دەڕوانرێت و پێشوازی لێ دەکرێت. یەکەم: بەو ئاراستەی (نەوژین) کاردەکات جیاوازی نێوان رەگەزەکان تۆخ بکاتەوە.
دوەم: ئەوانەی کە خوێنەری بەردەوامی رۆژنامەکە بون ئەو راستیەیان لادروست بو کە لەپێناو پێزانین و لێهاتویی و کارامەیی و هاندانی ژنان بەئاراستەی پێکەوەیی کۆمەڵایەتی کاردەکات.
لە (نەوژین) دا ئەوە رون بویەوە کە چەندە ژنان و کچانی ئێرە لەسەر پێی خۆیان وەستاون و توانیویانە سەختیەکانی ژیان هەڵبگرن.
تێپەڕاندنی دوەم ساڵە و پێشوازی لەسێیەم ساڵەی (نەوژین)، گروتێنێکی لێهاتوانەی پێویستە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بکات.



## چۆن قەڵەم دەکەیت بە چەک؟

■ هاوژین مەهدی

نەوژین، فێریکردم چۆن قەڵەمەکەم بکەم بە چەک و لەرێگەیەوە بەرەنگاری ستەم و نادادیی ببمەوە؟ فێریکردم چۆن کێشە و ئێش و ئازار و ئازایەتیەکانی ژنانی گەرمیان بخەمە سەر پەڕەکانی نوسین؟
پێشتر تەنها چیرۆکی ئافرەتانم دەبیست، بەڵام لە (نەوژین) دا روبەروی ئەو چیرۆکانە دەبومەوە و لەگەڵیان دەژیام. بە چاوی خۆم چیرۆکی ناکامی و دەستەبەرداربون لە خەونی دەیان کچم دەبینی بەهۆی رێگریی و کۆسپ و تەگەرەکان، هەروەک رێچکە شکێنی دەیانی دیکەشم دەبینی.



## نەوژین، هیوای من و ژنانی گەرمیان

■ زریان محەمەد

کارکردن لە راگەیاندن بۆ من شتێکی نوێ نەبو، ئەوەی نوێ بو کارکردنم بو لە بواری ژنان کە شوێنێکی تایبەت نەبو تا بتوانم ئەوەی لە زەینمدایە بۆ ژنان کاری لەسەر بکەم.
نەوژین، دەرگایەک بو بۆم و ئەوەی لە دڵمدا بو بۆ ئافرەتی بکەم، لێرە کردم. هەوڵمداوە توانای ژنان و کێشە و ئازارەکانیان بخەمە سەر پەڕەی رۆژنامەکە. بۆیە (نەوژین) هیوابو بۆ من و بۆ ژنانی گەرمیان.



## ماڵی دوەمی ئێمە

■ رۆژان عەزیز

دوساڵ لەمەوپێش (نەوژین) بو بە بڵندگۆیەکی کاریگەری خانمانی گەرمیان کەهۆکارێکی گرنگ بو بۆ دەرخستنی توانا و وزەی شاراوەی خانمانی ناوچەیەکی داخراو لە روی کۆمەڵایەتی و کەلتوریەوە.
نەوژین، بو بەیەکەم وێستگەی دەستپێکی کاری راگەیاندنم و بەشانازیشەوە لەگەڵی دا بەردەوام دەبم، چونکە ئەو ئێستا ماڵی دوەمی ئێمەیە.



## کلیلی دەرگا داخراوەکان

■ سەرگوڵ خەلیل

نەوژین، کلیلی ئەو دەرگا داخراوە بو کە کۆمەڵگەیە و کردمەوە. لەرێگەی (نەوژین)ەوە توانیم زۆر شت بەدەست بهێنم کە گرنگترینیان ئازادی تاکە کەسی بو.
لەو ماوەی لەم رۆژنامەیەدام، هەمو هەوڵێکی خۆمم داوە بۆ ئەوەی خەم و ئازاری ئافرەتانی گەرمیان لەلایەک و زیرەکی و لێهاتوی و دەسترەنگینییان لەلایەکی ترەوە، لە دەقە رۆژنامەوانیەکاندا بگێڕمەوە.



## بەدیهێنەری خەونەکەم

■ ئاسیا حسێن

نەوژین، لەیەکەمین هەنگاوەکانی رۆژنامەوانیدا دەستی گرتم، ئەو خەونەی کە ئەگەر (نەوژین) نەبوایە، ساڵانێکی زۆر بە بەدی نەهێنراوی دەمایەوە.
ئەو مەنزڵە فراوانەیە کە پڕۆژە و چالاکی یەک بە یەکی کچانی شارەکەم بەهەند وەردەگرێت و هەر هەمویان تۆماردەکات.
لە (نەوژین)دا، هەمو کچان لەسەر سفرەیەکی رازاوە کۆدەبنەوە و گوێ لە چیرۆکی یەکتر دەگرن. لێرە هەمو کچێک تاکێکی بەتوانایە و چیرۆکی هەر کچێکیش شایەنی گێڕانەوەیە.




## رۆژنامەیەکی گەورە و خەونی گەورەتر

■ نازەنین گۆران

قەڵەمەکەم لەدەست گرت و بە روی کێشەی ئافرەتانی شارەکەم چوم، بەباسکردنی کێشەکانیان وایان لێکردم هەست بەوە بکەم کە کارێکی زۆر گەورە و گرنگم لەسەر شانە، ئەویش بڵاوکردنەوەی کێشەکانیان و هاوکاریکردنیان.
نەوژین، دەرگایەک بو بە روی من دا کرایەوە لەکاتێکدا زۆر ئارەزوی کارکردنم هەبو لەراگەیاندن. هەر ئەمەش پاڵپشتی من بو کە ئێستا خوێندکارێکی کۆلێژی راگەیاندن بم.
ئەوەی کە دەترسام ئەوەبو: ئایا (نەوژین) دەبێت بەیەکەم ئەزمون و کۆتا ئەزمون؟! بەڵام وا دو ساڵە ئەم رۆژنامەیە هۆکارێکە بۆ ئەوەی من بەردەوام بم لە کاری رۆژنامەوانی.
نەوژین، هۆکارێک بو بۆ ئەوەی وام لێبکات بەهێزتر بم و هەست بکەم کە کارێکی زۆر گرنگ و گەورەم لەسەر شانە، ئەویش بڵاوکردنەوەی کێشەکانیان و کارکردنی زیاتر لەسەریان.

# خوێنەران بونی ڕۆژنامەی (نەوژین) بە گرنگ دەزانن













■ نەوژین

**بەپێی ڕاپرسیەک، زۆرینەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی (نەوژین)، بونی ڕۆژنامەکە بە پێویست و گرنگ دەزانن و ئاستی ڕۆژنامەکەش لەنێوان مامناوەند و زۆر باش دا دەبینن.**

ڕۆژنامەی (نەوژین)، بەبۆنەی تێپەڕینی ٢ ساڵ بەسەر دەرچونی یەکەم ژمارەی دا، ڕاپرسیەکی گشتی لەنێو چین و توێژە جیاوازەکان دا ئەنجامداوە، لەپاڵ ٢ ڕاپرسیی تایبەتمەند دا.

لە ڕاپرسییە گشتیەکەدا کە بەشێوەی فۆرمی چاپکراو ئەنجامدراوە، ١٢٤ کەس لە هەردو ڕەگەز، بەشدارییان کردوەو فۆرمەکەیان پڕکردوەتەوە.

لەوبارەوە (نازەنین گۆران)، سەرپەرشتیاری ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی (نەوژین)، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو فۆرمانە بەتایبەت دراون بەو کەسانەی کە خوێنەری ڕۆژنامەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشیی هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆژنامەکە بکەن.

ڕونیکردەوە، لە ڕاپرسیەکەدا (٦) پرسیار خراوەتەڕو، لەگەڵ خستنەڕوی باکگراوەندی زانیاریی کەسیی بەشدارانی ڕاپرسیەکە.

ئەنجامی ڕاپرسیەکەش بەمشێوەیە بوە:

پرسیاری یەکەم بریتیی بوە لەوەی «تاچەند ڕازیت لە ئاستی ڕۆژنامەی (نەوژین)؟».

لەوەڵامدا، (٩,٢٪ بە زۆر زۆر ڕازیم، ٣٧٪ بە زۆر ڕازیم، ٤١,٢٪ بە مامناوەند، ١٠,٩٪ کەم ڕازیم و ١,٧٪ هیچ ڕازیی نیم)، وەڵامیان داوەتەوە.

پرسیاری دوەم، بریتیی بوە لەوەی: «تاچەند بونی ڕۆژنامەکە بە پێویست و گرنگ دەزانیت بۆ ناوچەی گەرمیان؟».

لەوەڵامدا نیوەی بەشداران کە ڕێژەکەیان ٥٠,٤٪ بوە، بونی ڕۆژنامەکەیان بە زۆر گرنگ زانیوە، هەروەک ١٧,٩٪ بە زۆر زۆر گرنگ و ٢٠,٣٪ بە مامناوەند و ١٠,٦٪ بە کەم گرنگ و ٠,٨٪ هیچ بە گرنگیان نەزانیوە.

لە پرسیاری سێیەم دا، ئەوە ڕوبەڕوی بەشدارانی ڕاپرسیەکە کراوەتەوە کە «تاچەند بابەت و پرسەکانی ناو ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکە بە گونجاو و گرنگ دەزانیت؟».

وەڵامەکانیش بەمشێوەیە بوە: ١٣,٧٪ زۆر زۆر، ٣٠,٦٪ زۆر، ٣٨,٧٪ مامناوەند، ٨,١٪ کەم و ٨,٩٪ هیچ.

پرسیاری چوارەم تایبەتە بە نەخشەسازیی و پرسیاری ئەوە لە بەشداران کراوە کە تاچەند دیزاین و نەخشەسازیی ڕۆژنامەکەیان پێباشە؟

وەڵامەکانیش بەمشێوەیە بون: (١٠,١٪ زۆر زۆر، ٢٦,١٪ زۆر، ٤٠,٣٪ مامناوەند، ١٩,٣٪ کەم، ٤,٢٪ هیچ).

پرسیاری پێنجەم لە بەشدارانی پرسیوە: «تاچەند ڕۆژنامەکە سەرکەوتو بوە لە تیشکخستنەسەر کێشەکانی ژنان و کۆمەڵگا؟».

لەوەڵامدا (١١,٩٪ بە زۆر زۆر وەڵامیان داوەتەوە، ٣٧,٣٪ بە زۆر سەرکەوتو وەڵامیان داوەتەوە، ٣٧,٣٪ پێیانوایە مامناوەند بوە، ١٢,٧٪ بە کەم سەرکەوتویان زانیوە و ٠,٨٪ بە هیچ سەرکەوتو نەبوە) وەڵامیان داوەتەوە.

پرسیاری شەشەم و کۆتایی، تایبەتە بەوەی «تاچەند سودت لە بابەت و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکە بینیوە؟».

لەوەڵامدا بەشداران بەمشێوەیە ڕای خۆیان خستوەتەڕو: (١٠,٢٪ زۆر زۆر، ٢٨,٨٪ زۆر، ٤٠,٧٪ مامناوەند، ١٦,١٪ کەم، ٤,٢٪ هیچ).

بەکۆی گشتی ڕای بەشداران، هەڵسەنگاندنەکەیان بۆ ڕۆژنامەی (نەوژین) لەنێوان (مامناوەند) بۆ (زۆرباش) بوە.

لەبارەی باکگراوەندی بەشدارانی ڕاپرسیەکە، ٦١٪ لە ڕەگەزی مێ بون و ٣٩٪یان لە ڕەگەزی نێر بون.

هەروەها تەمەنی بەشداران، بەمشێوەیە بوە: ٥٠,٩٪ تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ بوە، ٤٥,٧٪ تەمەنیان لەنێوان ٢٦ بۆ ٤٥ ساڵ بوە و ٣,٤٪ تەمەنیان سەروی ٤٥ ساڵ بوە.

هەروەها لەڕوی ئاستی خوێندنی بەشدارانەوە، ١,٧٪ی بەشداران بڕوانامەی قۆناغی سەرەتاییان هەبوە، ١٥,٧٪ بڕوانامەی ناوەندی و ئامادەییان هەبوە، ٥٤,٨٪ بڕوانامەی پەیمانگا و زانکۆیان هەبوە، ٢٧٪ بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان هەبوە و ٠,٨٪ی بەشداران هیچ بڕوانامەیەکیان نییە.

(نازەنین گۆران)، سەرپەرشتیاری ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی (نەوژین)، ڕایگەیاند: بەشداران تەواوی سەربەستیان پێدرابو لە پڕکردنەوەی ڕاپرسییەکە و پرنسیپی نهێنی بون لە ڕاپرسیەکە دا پارێزراو بوە، هەروەک تەنها ئەو کەسانەش مافی پڕکردنەوەی ڕاپرسیەکەیان هەبوە کە خوێنەری ڕۆژنامەی (نەوژین) بون.

ئاماژەی بەوەشکرد کە ٢ ڕاپرسیی دیکەیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەوانە بەشێک بون لە ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندنی ورد لەبارەی ڕۆژنامەکەوە و لە ئایندەدا پێویست بکات دەرنجامەکەی بڵاودەکەنەوە.

هەروەک سوپاسی هەمو ئەو کەسانەشی کرد کە هاوکاریان بون لە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکان، بەتایبەتی هەر سێ کتێبخانەی (شێروانە، خاک و بێدار)، کە سەرباری هاوکاریی زۆریان بۆ ڕاپرسیەکە، لە دابەشکردنی ڕۆژنامەکەش دا هاوکارێکی باشن.

# خۆبەخشانی نەخۆشخانەی منداڵبون: کەس بە خزمەتەکانمان نازانێت



هیچ پاڵپشتیەک نەکراوم تا زیاتر هانم بدات لە بەردەوام بون

کارمەندە خۆبەخشەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە نەخۆشخانەکەمان

■ نەوژین، شەیما عەدنان

**ئەگەرچی نە هیچ موچەیەکی براوەیان هەیە و نە وەکو فەرمانبەر و کارمەندی فەرمیش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام کچانی خۆبەخش لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن و بۆشاییەکی زۆری نەخۆشخانەکەیان پڕ کردوەتەوە.**

لەپاڵ فەرمانبەری هەمیشەیی و کارمەندی گرێبەست دا، لە دامودەزگا حکومیەکاندا جۆرێکی تر لە کارمەند هەیە، کە ناویان خۆبەخشە. ئەمانە ناوەکانیان بەخۆیانەوەیە، واتا کارکردنەکەیان بەبێ بەرامبەرە و هیچ پارەو ئیمتیازێکیان نییە لەو کارەی دەیکەن.

لەکەرتی تەندروستیش دا بەتایبەتی لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون، ڕێژەیەکی بەرچاو لەم کارمەندانە بەتایبەت لە ڕەگەزی مێینە بونیان هەیە. ئەوان باس لەوەدەکەن وەکو فەرمانبەرانی هەمیشەیی ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن، ئەگەرچی زۆرجاریش کارەکانیان بە هەند وەرناگیرێت.

(ر.غ)، یەکێکە لە کارمەندە خۆبەخشەکانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون لەکەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەی ٤ ساڵە بە خۆبەخش لەم نەخۆشخانەیە دەوام دەکەم، وەکو کارمەندی ڕەسمی بەرپرسیاریەتیم هەڵگرتوە و ئەرکەکانم بە باشیی بەڕێوە بردوە».

ئەو کارمەندە نیگەرانە لەوەی زۆرجار بەم خزمەتەیان نازانرێت «لە کاتێکدا کارمەندی ڕەسمی کەمتەرخەمی کردوە لەکارەکەیدا چاوپۆشی لێکراوە، بەڵام من ئاگادارکردنەوەم بۆ دەرچوە، لە جیاتی دەستخۆشی و پاڵپشتی کردن».

وەک کارمەندانی خۆبەخشی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب باسی لێوەدەکەن، ئەوان لە دو لاوە خۆیان بە مەغدور دەزانن، لەلایەک کە کارەکەیان بەهەند وەرناگیرێت، لایەکی تریش دەرفەتی دامەزراندنیان بۆ فەراهەم ناکرێت.

هانی، ناوی خوازراوی کارمەندێکی دیکەی خۆبەخشە لە نەخۆشخانەکە کە ماوەی (٦) ساڵە لە بەشی تاقیگە دا کاردەکات. وتی: «لێرە هیچ دەستخۆشی و پاڵپشتیەک نەکراوم تا زیاتر هانم بدات لە بەردەوام بون لە کارەکەم، سەرەڕای ئەوەش زۆرجار ڕوبەڕوی تانە و تەشەر بومەتەوە».

ئەو کچە باسی لەوەشکرد، حکومەتیش بەهیچ شێوەیەک ئاوڕی لە خزمەت و کارەکانیان نەداوەتەوە و لەڕوی دامەزراندنەوە خەمی نەخواردون.

لەم ڕووەوە (ر.غ) هاوڕای (هانی) یە. دەڵێت: «ئومێدی دامەزراندنم نەماوە، بەڵام ئامانجی سەرەکییم کارە مرۆڤایەتیەکەیە کە خزمەتی خەڵک دەکەم بە سەربەرزیەوە».

تەنها لەنەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، (٢٣) کارمەندی خۆبەخشی کچ هەیە، زۆرێک لەو کچە پەرستارانە بۆ ماوەی زیاتر لە (٤) ساڵە دەوام لە نەخۆشخانەکەدا دەکەن، بەڵام هیچ بڕە پارەیەکیان بۆ دابین نەکراوە.

لایخۆشیەوە جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، پشتگیریی لە ڕۆڵ و کاری خۆبەخشەکان دەکات و ئۆباڵی دانەمەزراندنیشیان دەخاتە ئەستۆی حکومەت.

گۆران محەمەد، بە (نەوژین)ی وت: «کارمەندە خۆبەخشەکان ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە نەخۆشخانەکەمان و زۆر پشتیان پێدەبەستین، بەتایبەت لەپڕکردنەوەی شوێنی ئەو کارمەندانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتوە و ئەگەر ئەوان نەبن ئەوا ڕەنگە پەکمان بکەوێت».

وتیشی: چەند جارێک بەنوسراوی فەرمی داوامان کردوە دابمەزرێن، چونکە شوێن دەستیان دیارە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە دامەزراندن ڕاگیراوە.

تەندروستی گەرمیانیش، جەخت لە قسەکانی بەرپرسەکەی نەخۆشخانەکە دەکاتەوە، بەوەی دامەزراندن بە بڕیاری حکومەت ڕاگیراوە.

هاوار محەمەد، لێپرساوی بەشی کارگێڕی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان , بۆ (نەوژین) وتی: ناوی خۆبەخشەکانمان بە نوسراوی فەرمی بەرزکردوەتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی، بەڵام تائێستا نە وەڵام دراوینەتەوە و نە کاریان لەسەرکراوە بۆ ئەوەی دابمەزرێن.

وتیشی: بەدواداچونمان بۆ ئەو بابەتە کردوە و وەزیری تەندروستی پێی وتوین: «دامەزراندن نیە».

بەڵام وادیارە پەتی سەبری ئەو کارمەندە خۆبەخشانە گەشتوەتە ئاستی پچڕان، چونکە وەک (هانی) ئاماژەی بۆ کرد: «لەگەڵ هاوڕێ خۆبەخشەکانم بڕیارمان داوە ئەگەر حکومەت هەوڵی جدی نەدات بۆ دامەزراندنمان، ئەوە بایکۆتی دەوام دەکەین».

# ئەو کچانەی هەم دایکن و هەم باوک

■ نەوژین، ئاسیا حسێن

**(سارا) کە گەورەترین کچ و کوڕی خێزانەکەیانە، پێش ئەوەی تەمەنی ١٨ ساڵی تێپەڕێنێت، دایکی لەدەستدا، ئەم بارەش جگە لەو بۆشاییەی لە سۆز و دەرونی دا دروستیکرد، هاوکات ئەرک و قورساییەکی زۆرتریشی خستە سەر شانی، بەوەی کە دەبێت سەرپەرشتی ماڵەکەیان بکات.**

لە گەرمیاندا ژمارەیەکی بەرچاوی کچان هاوشێوەی (سارا) لە تەمەنێکی کەمدا و دوابەدوای لەدەستدانی سەرپەرشتیاری خێزان، خۆیان ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەیان دەگرنە ئەستۆ. ئەو کچانە نەک تەنها پشت و پەنایەکی مەعنەوین بۆ ئەندامەکانی خێزانەکە، بەڵکو لەهەمان کاتدا لە ڕوی مادییشەوە کار بۆ دابین کردنی بژێوی خێزانەکەیان دەکەن.

سارا، کە ئێستا تەمەنی ٢٠ ساڵە، سەربوردەی خۆی بەمشێوەیە بۆ (نەوژین) گێڕایەوە: «من لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بوم کە دایکم کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ ئەو خەم و ئازارە، ئێمە نەماندەزانی چیبکەین و چۆن ماڵەکە بەڕێوە ببەین، بەتایبەت بۆ من سەختتر بو، چونکە خوێندکار بوم».

وتیشی: من لەگەڵ خوێندنەکەمدا، هەمیشە ئەرکی ماڵەوەم ڕادەپەڕاند و هەندێکجار هێندە ماندو دەبوم کە بڕیارم دەدا واز لە خوێندنەکەم بهێنم، بەڵام هەرچۆنێک بێت توانیم هەردو لایەنەکە بە باشی ئیدارە بدەم و نمرەیەکی گونجاو و باشتر لە زۆرێک لە هاوڕێکانیشم بەدەست بهێنم.

ئەو باسی لەوەشکرد کە لەدوای لەدەستدانی دایکیەوە، ئێستا ئەو ئەرکەکانی ماڵەوە ڕادەپەڕێنێت و «تا پێمدەکرێت هەوڵدەدەم نەهێڵم خێزانەکەم هەست بە جێگای خاڵی ئەو بکەن».

هاوشێوەی (سارا)، (ماریا)ی تەمەن ٢٤ ساڵ، ساڵێکە دایکی لەدەستداوە، بەمەش ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی کەوتوەتە ئەستۆ.

ئەو بۆ سەرکەوتن لەم بەرپرسیارێتییە، «ئیرادە و پاڵپشتی خێزان» دەکاتە مەرج. دەڵێت: «سەرەتا زۆر شڵەژاو و نائارام بوم، بەڵام ئەوە پاڵپشتی خێزانەکەم و ئیرادەی خۆم بو کە توانیم تاڕادەیەک نەهێڵم ئەرکەکانی دایکم بە بۆشیی بمێننەوە».

(ماریا) پێیوایە کە ئەگەر خاوەن خێزانیکی تێگەیشتو و هاوکار بن، ئەوا کچەکان بە بارودۆخێکی گونجاوتر دا تێدەپەڕێن و باشتر دەتوانن لەگەڵ بەرپرسیارێتیەکەدا خۆیان بگونجێنن.

توێژەرێکی دەرونیش قسەکانی پشتڕاست دەکاتەوە.

پرشنگ محەمەد، بۆ (نەوژین) وتی: «دەبێت کۆمەڵگا یارمەتی و ئاسانکاری بۆ ئەوکچانە بکات، چونکە بەرپرسیارییەتیەکی قورسیان لەسەر شانە».

دەبێت کۆمەڵگا ئاسانکاری بۆ ئەو کچانە بکات



دەشڵێت: «هەندێکجار ئەو کچانەی دەبنە بەخێوکەری خێزانەکانیان خۆیشیان پێویستیەکی مادی و مەعنەوی زۆریان هەیە، بەڵام خۆیان دەبنە قوربانی و تەنها بیر لە ئەندامەکانی تری خێزانەکە دەکەنەوە».

ئەگەر لەدەستدانی دایک بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ماڵەوەی بەدوادابێت، ئەوا لەدەستدانی باوک بەرپرسیاریەتیەکی سەختتر دەخاتە ئەستۆی خێزانەکە، کە ئەویش دابینکردنی بژێوی ژیانە.

ئەژین مەهدی، ٢١ ساڵ، چەند ساڵێکە باوکی لەدەست داوە و ئەمساڵ خۆی دەستپێشخەری کردوە بۆ کارکردن و دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی. بۆ (نەوژین) وتی: «من دەزانم کە بژێوی ژیانمان تەنها بە دایکم دابین ناکرێت، دەبێت ئێمەیش هاوکاری بین، بۆیە من کە لە خوشک و براکانی ترم تەمەنم گەورەترە، هەستم بە بەرپرسیارێتی کرد و ئێستا خۆم لە مۆڵێک دا کاردەکەم».

(ئەژین) بە باوەڕبەخۆبونێکەوە وتیشی: «لەمەودوا بەپێی توانا هەمیشە کاردەکەم و ناهێڵم ئەرکی دابینکردنی بژێوی، تەنها بکەوێتە سەر شانی دایکم».

# ژنانی کۆیلە لەسەردەمی عوسمانییەکان





■ ئالا حسێن

**با بەیەکەوە سەیرێکی مێژوی کۆیلە و ژنانی کۆیلە لە سەردەمی عوسمانییەکان بکەین. بابزانین ئاخۆ عوسمانییەکان ئەوا بێ کەموکوڕی و گرێوگۆڵەن کە وای لە مامۆستاکان کردوە وا بەجەرگەوە دیفاعیان لێبکەن؟!**

> ژنانی میسری و کرێسیەکان پلەی یەکەمیان هەبو لەناو کۆیلەکان

> هەندێکجار کۆیلەکان بەدیاری بۆ سوڵتانەکان دەهاتن

کۆیلایەتی لەسەردەمی عوسمانییەکان شتێکی یاسایی و ڕێگە پێدراو بو. بەشێکی گرنگ بو لە ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە. بە واتایەکیتر، کۆیلایەتی کۆڵەکەیەکی گرنگ بو بۆ حکومەت کە داهاتێکی زۆری پێ کۆدەکردەوە. لە ساڵی ١٦٠٩، سەدا پێنجی دانیشتوانی قوستەنتینیە (ئیستانبوڵی ئێستا) کۆیلەبون، لە هەندێک سەرچاوەی تر گوایە سەدا بیستی دانیشتوانی ئیستانبوڵ کۆیلە بون. لەم ژمارەیە ئافرەتان ڕێژەیەکی باشیان پێک دەهێنا.

لە سەدەکانی شانزە تا نۆزدە زۆرێک لەو کۆیلانە ئەوروپی بون کە لەلایەن چەتە بەربەریەکان دەفڕێنران و دواتر بە بازاڕەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و باکوری ئەفریقیا دەفرۆشران.

ئەم کۆیلانە لە بازاڕەکانی خەلافەتی عوسمانی بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک هەر کاڵایەکی تر کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا. بازاڕی تایبەتیش بە کۆیلەی ئافرەت هەبو کە هەر کەسێک دەیتوانی بە دڵی خۆی یەکێک هەڵبژێرێت و بیکڕێت.

یەکێک لەو بازاڕە بەناوبانگانەی کە ئافرەتی تێدا دەفرۆشرا ناوی «بازاڕی ئەڤێرت» بو کە دەکەوتە نزیک مزگەوتی نورۆئۆسمانیا لە قوستەنتینیەی ئەوکات. ئێستاش ئەم بازاڕە وەک بازارێکی گشتی لە ئیستانبوڵ ماوە.

لەو سەردەمەدا، ژنانی میسری و سودانی و سوری و کرێسیەکان پلەی یەکەمیان هەبو لەناو کۆیلەکان. بەتایبەتی ژنانی کرێسی کە لەبەر ئەوەی جوان بون، خواستی کڕینیان زۆر لەسەر بو. کرێسیەکان لەلایەن تەتەرە کریمیەکان دەبردران و بە عوسمانییەکان دەفرۆشرانەوە. تەتارەکان دەیانزانی کە ڕەواجی ئەم ژنانە لە ناو عوسمانییەکان زۆر بو بۆیە دەیان گرتن و بە خەلافەتیان دەفرۆشتەوە. بەرزترین نرخیان هەبو کەهەر یەکیان پێنج سەد پاوەندی ئێستایان دەکرد.

لەدوای ئەوان سوریەکان کە نرخیان سی پاوەندی ئێستا بو، پاشان کچانی نوبی کە نرخیان تەنها بیست پاوەند بو.

جگە لە خێزانە شەرعیەکانی خۆیان، هەر سوڵتانێک چەندین کۆیلە و کەنیزەکی هەبو کەبەشێکیان لە بەڵقانەوە هێنرابون، بەشێکیتریشیان لە ئەسیوبیا. سوڵتانەکان تورکێک یا عەرەبێکیان نەدەکردە کۆیلە بەهۆی ئەوەی ئەوانە موسڵمان بون. واتا، ئەوانەی کە دەکرانە کۆیلە و کەنیزەک بۆ سوڵتانەکان زیاتر مەسیحی، یا وردتر بڵێین غەیرە موسڵمان بون.

ئەم ژنانە هەندێکجار پۆستیان بەرزدەبوەوە بۆ حەریم. واتە لەشوێنێک لە نزیک سوڵتان جێگیر دەکران. ئەوانەی کە دەهاتنە پلەی حەریم تەنها ئەوانە بون کە زۆر جوان بون یاخود زۆر زیرەک و لێهاتو بون.

ئەم کۆیلانە هەندێکجار لەلایەن سەرۆکی ترەوە بەدیاری بۆ سوڵتانەکان دەهاتن، هەندێکیشیان لە بازاڕەکان دەکڕدران. ئەم کۆیلانە کاری ناوماڵیان ئەنجام دەدا. فێری سەما و خوێندنەوەی هۆنراوە و گۆرانی وتن دەکران. لەهەموی سەیرتر فێری هونەری ئیرۆتیکا دەکران.

هەندێک لەسوڵتانەکان خولیای ئافرەتیان نەبو، بە پێچەوانەوە زیاتر کەیفیان بەکوڕان دەهات. یەکێک لەو سوڵتانانەی کە کەیفی بە کۆیلەی ژن نەدەهات، سوڵتان محەمەدی دوەم بو.

جگە لە ئافرەت، پیاوانیش وەک ئافرەتان دەکرانە کۆیلە و کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا. کوڕانی ئەهلی زمە وەک کۆیلە دەهێنران و دەیان کاریان پێدەکرا. بۆ نمونە، دەبونە کۆیلەی سێکس. هەندێکیان وەک مەساج کاریان دەکرد، هەندێکیان لە حەمامەکان (هەربۆیە ئێستا لە کەلتوری ئەوروپی و ئەمریکی کە باسی حەمامی تورکی دەکرێت مانایەکی باشی نیە لایان)، هەندێکیان لە قاوەخانەکان، هەندێکیان وەک ساقی کاریان دەکرد، لە هەموی سەیرتر هەندێکیان وەک سەماکەر کاریان دەکرد. کۆمەڵێک کەس کۆدەبونەوە، کوڕانیش لەبەردەمیان سەمایان دەکرد و دواتر کامیان بە دڵ بوایە دەیان بردن بۆ سێکس!

ئەم کارە ئێستاش لە ئەفغانستان باوە کە کوڕانی سەماکەر لەلایەن دەوڵەمەندەکان دەهێنرێن بۆ کۆکردنەوەی پارە. ئەم سەماکەرە کوڕانە لەبەردەمی کڕیارەکان سەما دەکەن تا سەرنجیان ڕاکێشن بۆ سێکس.

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، دڵۆپێک بو لە دەریای کۆیلایەتی لە سەردەمی عوسمانییەکان.



# جیابونەوەی ڕۆحیی



> دەبێت لاوانمان پێش چونە نێو ژیانی هاوسەری ئامادە بکرێن

■ هەنار موفتی

**لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا دیاردەی ناپاکی هاوسەریی بوەتە دیاردەیەکی بەرچاو لەکۆمەڵگەکەماندا، لەمەشدا ئامادەیی فاکتەری سێکسی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت.**

بەداخەوە بەشێک لە هاوسەران لە ڕەوشێکی نالەبار دا دەژین، بەڵام لەبەر یەکێک یان زیاتر لە فاکتەرە (کۆمەڵایەتی، یاسایی و خێزانیەکان) لە یەکتری جیانابنەوە، بەڵام جۆرێکی تر لەجیابونەوە هەڵدەبژێرن کەجیابونەوەی ڕۆحییە. واتا لە روی کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاساییەوە گرێبەستە هاوسەرییەکە هەر دەمێنێت و لەژێر یەک ساباتی خێزانیدا وەک دو جەستە دەژین، بەڵام بەبێ بەشداریی پێکردنی ڕۆح.

ئا لەم ساتەوەختەوە زەمینە بۆ ناپاکی هاوسەریی دەڕەخسێت و ڕۆح و جەستەی تاکەکە ئیتر چ ژنەکە بێت یان پیاوەکە، عەودالی ڕۆح و جەستەیەکی تر دەبێت لەدەرەوەی ژیانی هاوسەریی و پێداویستییە سێکسییەکانی پێ پڕ دەکرێتەوە.

کەواتە دەتوانین ئەم جۆرە ژیانە خێزانییانەش هەر بەهەڵوەشاوە هەژمار بکەین، بەڵام هێندەی هەیە لە روی یاساییەوە بەهەڵنەوەشاوە لەقەڵەم دەدرێن.

ئەگەر پێچەوانەی ئەم حاڵەتانەش وەربگرین کاتێک ئافرەت وەک پێویست وەڵامدانەوەی سێکسی نییە بۆ هاوسەرەکەی جا لەبەر ناهۆشیاری بێت یان لەبەر هەر گرفتێکی دەرونی یان جەستەیی وەک خەتەنەکردنەوە توشی ساردی سێکسی هاتبێت، بەهەمان شێوە پیاوان دوچاری وەڕسی و بێزاری دەبن لەم جۆرە هاوسەرانە کە هەندێکیان لەژێر بیانو و هۆهێنانەوەی جۆراوجۆردا ژنەکانیان تەڵاق دەدەن یاخود پەنا بۆ فرەژنی دەبەن، یاخود دەست دەدەنە ناپاکی هاوسەریی.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین سێکس وەک خۆی گرنگی خۆی پێنادرێت لەناو خێزانی کوردی دا و لەناو بەشێکی زۆر لەخێزانەکاندا وەک حاڵەتێکی سەرپێیی و پەراوێزخراو لێی دەڕوانرێت، لەکاتێکدا لەبیرکردنەوەی هەمو تاکێکدا ئامادەگییەکی بەهێزی هەیە، چونکە بە یەکێک لەبەهێزترین پاڵنەرەکانی مرۆڤ دادەنرێت، بێگومان مرۆڤی کوردیش وەک هەمو مرۆڤێکی تر هەڵگری ئەم پاڵنەرەیە، وەلێ کەمی هۆشیاری لەم بوارەدا کارێکی ئەوتۆی کردوە کە تاکی کورد نەیتوانیوە تەوزیفی وزە سێکسییەکانی بکات بەجۆرێک ئاسودەیی و ئارامی و دڵنیایی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەر بکات لەچوارچێوەی خێزاندا، بەپێچەوانەوە لەهەندێک باردا بوەتە هۆی دورکەوتنەوەی ڕۆحەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

لەم سۆنگەیەوە جێی خۆیەتی کە بیر لەئامادەکردنی لاوانمان بکەینەوە پێش چونە نێو ژیانی هاوسەری، تاکو هیچ نەبێت ئەو بۆشاییە گەورەیەی لەبواری پەروەردەکردنی سێکسی دا هەیە و ئەوەی لە قوتابخانە و پرۆگرامەکانی خوێندندا چنگی ناکەوێت سەبارەت بە سایکۆلۆژیای ڕەگەزی بەرامبەر و گرنگیی و ڕۆڵی لایەنی سێکسی لەو ژیانەدا، لەرێگەی دیکەوە هۆشیاریی لەبارەیانەوە پەیدا بکات.

ئەو ڕێگایانەش دەشێت باسکردنێکی زانستیانەی دور لە وروژاندن بێت لە کەناڵەکانی میدیاوە، یان لەشێوەی خولی هۆشیاری ئامادەکاریی دا بێت بۆ پێگەیاندن و پتەوکردنی هۆشیاریی لاوان لەبارەی سێکس و ڕۆڵ و لێکەوتەی لە پرۆسەی هاوسەرگیریی دا، بۆ ئەوەی چیتر ئەو بیرۆکە و زانیارییە هەڵانەی لە کۆڵان و لەدەمی کەسانی نەشارەزاوە پێیان دەگات، یان ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییانەی وەک مۆتەکە دەستی لەبینەقاقای گەنجانمان ناوە، نەبنە کۆت و پێوەندێکی وەها کە تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان وەک دیلێکی ناهۆشیار مامەڵە بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیان دا.

هەروەها ئەو هەمو قەیرانە کۆمەڵایەتی و دەرونییانەش رو لەکەمی بکەن کە خەریکە بەتەواوی باڵ بەسەر کۆمەڵگەکەمان دا دەکێشن و ڕەنگە زۆرێکیان پاڵنەرەکەیان کەمی هۆشیاری بێت لەم بوارەدا.

# «شیرینی و چەوری ڕۆڵیان لە دروستبونی ڕشک و ئەسپێ دا نییە»

## دیداری (نەوژین) لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆڕ لەبارەی حاڵەتەکانی ڕشک و ئەسپێ لەلای منالان

■ **نەوژین، دەشنێ ڕۆستەمی**



**ڕشک و ئەسپێ، دو لە دیارترین ئەو حاڵەتە تەندروستیانەی لەنێو منالان دا بەتایبەتی بونیان هەیە، بەربڵاوی ئەم حاڵەتانە و دوبارەبونەوەیان، وایکردوە چەندین قسە و قسەلۆکی لەبارەوە دروست ببێت کە هەندێک لەوانە هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە.**

ڕشک کە لەهەندێک شوێن بە «کێچ»یش ناودەبرێت، لەگەڵ ئەسپێ دا، دو زیندەوەری بچوکن، کە لە قژدا دروست دەبن و گەشە دەکەن. ئەم دو زیندەوەرە بەتایبەت لەلای منالان بەرچاو ترە، یان مایەی سەرئێشە و ناڕەحەتیەکی زیاترە.
لەبارەی ئەم حاڵەتە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیەوە، دیدارێکمان لەگەڵ (د. دەشنێ لەتیف)، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی پێست و جوانکاری ئەنجام داوە.

* سەرەتا بابزانین ئەم حاڵەتە چییە و ئایا بەتەنیا لە منالان دا دروست دەبێت؟
ڕشک و ئەسپێ دیاردەیەکە لە منال و گەورە دا وەکو یەک ڕو دەدات، بەلام زیاتر لە لای منالان بەربڵاوە. حاڵەتەکەش بریتییە لە بونی ئەو زیندەوەرە بچوکە لە پێستی سەر دا.

* تاچەند ئەم حاڵەتانە پەیوەندیان بە پاکوخاوێنی و خۆنەشۆردنەوە هەیە؟
بەگشتی خەڵکی پێیانوایە ڕشک و ئەسپێ بەهۆی پیسی و خۆنەشۆردنەوە دروست دەبن، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە کەوا ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی گواستراوەیە، واتە بەهۆی بەریەککەوتنەوە ڕو دەدات، بۆنمونە کەسێک کڵاو یاخود شانەی کەسێکی توشبو بەکاربهێنێت، یان سەریان بەریەک بکەوێت ئەوا بۆی دەگوێزرێتەوە.

* شێوازی گواستنەوەی ئەم دو زیندەوەرە هەر بەو شێوەیەیە کە ئاماژەت بۆ کرد؟
کێچ و ئەسپێ توانای فڕینیان نیە، بەڵکو تەنها بەهۆی بەریەککەوتنەوە دەگوازرێنەوە، منالان زۆرجار لەکاتی یاریکردن دا سەریان بەریەک دەکەوێت، یان شتی یەکدی بەکاردەهێنن، لەوێوە بۆ یەکدی دەگوازنەوە.

* تاچەند ڕاستە کە ئەو منالانەی شیرینی زۆر دەخۆن توشی ئەم حاڵەتە دەبن؟
ئەم قسەیە هیچ بنەمایەکی سەلمێنراوی زانستی نییە.

* زۆرجار دەوترێت بەرکەوتنی دەستی چەور لەگەڵ پێستی قژ، ئەم حاڵەتە دروست دەکات، تاچەند ڕاستە؟
ئەم قسەیەش تائێستا لەروی زانستیەوە نەسەلمێنراوە.

* زۆرجار منالان کە توشی ئەم حاڵەتە دەبن، لەماڵەوە دەهێڵرێنەوە، ئایا ئەمە کارێکی دروستە؟
پێویست ناکات ئەو منالانەی توشبون بەم حاڵەتانە لە ماڵەوە بهێڵدرێنەوە، بەڵکو لەبری ئەوە باشترە کە زو زو پرچیان دابهێنرێت و یاخود کورت بکرێتەوە، کە دەشنێردرێن بۆ فێرگە، قژیان ببەسترێت و بە پەرشی نەیهێڵنەوە.

* نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە چین؟
دەکرێت هەمو سەر خورینێک ئاماژە بێت بۆ بونی ڕشک و ئەسپێ؟
نەخێر مەرج نییە، بەڵکو نیشانەکانی بریتییە لە بینینی زیندەوەرەکە لەناو پێستی قژ دا، یان هەندێک کەس توشی خورانی سەر دەبن بەتایبەت لە بن گوێ یاخود خوارەوەی پشتە سەریان، ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی خورینەکە پەیوەندی بە بونی ڕشک و ئەسپێوە هەیە.

* شێوازەکانی ڕزگاربون لەم حاڵەتە چییە؟
چەندین ڕێگا هەیە بۆ ڕزگار بون لێیان، باشترینیان زو شۆردنی سەرە لەگەڵ بەکارهێنانی شامپۆی تایبەت بە لەناوبردنی ڕشک و ئەسپێ، هەروەها بەکارهێنانی شانەی تایبەت کە هێلکەی زیندەوەرەکە لەسەر قژ لادەبات.

---

# زیادبونی موی نەخوازراو لە ژنان دا



■ **نەوژین، ئامینە محەمەد**

**مودەردان Hirsutism، واتە گەشەکردنی مو لەو شوێنانەی ژن کە نابێت موی تێدا بەدی بکرێت، وەکو چەناگە و سەر لێوی سەرەوە و بناگوێ و مل و سنگ، یان زیادبونی گەشەی مو لە هەمو بەشەکانی لەش دا.**

زیادبونی گەشەی مو لە جەستە یەکێکە لەو گرفتانەی کە زۆربەی ژنان بەدەستیەوە دەناڵێنن، دەرکەوتنی موی زیادە لە لەشی ژناندا لەگەڵ ئەوەی گرفتێکی بێزارکەرە، هەندێکجار بەو هۆیەشەوە ژنان توشی نەخۆشی دەرونیش دەبن، هەروەها لەنێو کۆمەڵگەدا هەست بەشەرم دەکەن و بە چاوێکی تر سەیریان دەکرێت.

### هۆکارەکانی زیادبونی مو لە ژناندا

١. هەندێکجار هۆرمۆنی پیاوانە بۆ ژنان بەکار دەهێنرێت، بۆ وەستاندنی شیر یان هەندێک حاڵەتی تر، ئەوەیش دەبێتە هۆی زیادبونی مو. هەروەها خواردنی حەپی ڕێگری لە سکپڕی «منع» بەتایبەتی ئەو جۆرانەی پێکهاتەی پرۆجیسترۆنی تێدایە، ئەوەش کاردانەوەی دەبێت بۆ دەرکەوتنی مو.
٢. بەکارهێنانی پێکهاتەی کۆرتیزۆن بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی چالاککردنی مو، هەروەها پەنسلین و حەپی ڤینایتۆن کە بۆ نەخۆشی بورانەوە بەکاردێت. ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێک لەو دەرمانانەی کە بۆ چارەسەری پەستانی خوێن بەکاردێن، دەبنە هۆی زیادبونی مو.
٣. ڕژێنەکانی لەشی ژن بڕێکی کەم لە هۆرمۆنی نێرینە دەردەدەن کە دەبێتەهۆی دەرکەوتنی مو لە لەشدا، بەڵام ئەگەر هەر گرفتێک لە کاری ئەو ڕژێنانەدا دروست ببێت، ئەوا بڕێکی زیاتری هۆرمۆنی نێرینە دەردەدەن و بەوەش ڕێژەیەکی زیاتری مو لە لەشی ژناندا سەر هەڵدەدات.

خواردنی حەپی «منع» کاردانەوەی دەبێت بۆ دەرکەوتنی مو

٤. دڵەڕاوکێ یەکێکە لە سەرەکی ترین هۆکارەکانی لاواز بونی هۆرمۆنی مێینە لە لەشی ژناندا و لەبەرامبەریشدا زیادبونی هۆرمۆنە نێرینەکان، بۆیە سەرەنجام ژمارەی موەکان لەسەر لەش زۆرتر دەبن.
٥. هەندێکجار هێلکەدانی ژن دوچاری گرفتی تەندروستی دەبێت، بەوەش هۆرمۆنە نێرینەکان چالاک دەبن و دەبنە هۆی تێکچونی سیستمی ڕواندنی موەکان و دەرکەوتنی موی زیادەی لەش بە ڕێژەیەکی زۆر.
٦. زۆربونی حاڵەتەکانی هەڵچون و شۆکی دەرونی، ڕەنگە زیان بەکاری هۆرمۆنەکان بگەیەنن و هاوسەنگیان تێکبدەن.
٧. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی زیادبونی مو بەتایبەت لە ڕوخساردا دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکارهێنانی کرێمەکان و هەندێک تێکەڵە کە لە لایەن خانمانەوە بەکار دەهێنرێت.
٨. توێژینەوەیەکی نوێ ئەوەی ڕونکردوەتەوە کە خواردنی زۆری شیرینەمەنی لەسەر لەشی مرۆڤ و بەتایبەتی ژنان، کاریگەری خراپی دەبێت.

دڵەڕاوکێ لە سەرەکیترین هۆکارەکانی زیادبونی هۆرمۆنە نێرینەکانە

توێژەران ئەوەیان وتوە کە دوای ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بەبەشداری زیاتر لە ٢ هەزار ژن، بۆیان دەرکەوت کە زۆر خواردنی شیرینی دەبێتە هۆی زیادبونی مو لە لەشی ژنان و هەروەها دەرچونی لە شوێنەکانی لەش بەشێوەیەکی نائاسایی، توێژەران ئەوەشیان باسکردوە کە بۆماوەیی یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی زیادبونی مو لە لەشی ژنان دا.

### چارەسەر چیە؟

دەبێت نەخۆش دڵنیا بێتەوە لە هۆرمۆنەکانی لەشی بێ گرفتن و بەباشی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، جگە لەوەش ئارام بونەوەی باری دەرونی کەسەکەش باشترین شێوازی چارەسەرە بۆ ئەم حاڵەتانە.
هەروەها یەکێکی تر لەچارەسەرەکان لێزەرە، ئەمەش ڕێگەیەکی ترە بەکار دەهێنرێت و هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نیە و دەتوانرێت موەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بنبڕ بکات، بەڵام دەبێت ئەم کارە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بکرێت و لە شوێنی تایبەتی پاک و گونجاو لە ڕوی تەندروستیەوە.

# چارەسەری نەخۆشی منداڵ بە یاریکردن

■ نەوژین
وەرگێڕانی: نەسرین عەلی

**دنیای منداڵ جیاوازە لە گەورەکان، چونکە کاتێک کەسێکی گەورە هەر گرفتێکی هەبێت لە هەر بوارێکدا، بۆ چارەسەر دەچێتە لای کەسی پسپۆڕ، بەڵام منداڵ ناتوانێت وەکو گەورە درک بەو حاڵەتە بکات و سەردانی پسپۆڕی تایبەت بکات.**

دایک و باوک بەرپرسن لە گرنگیدان کێشە و گرفتی منداڵ و بە دواداچونی. جگە لە چارەسەری پزیشکی یەکێک لە چارەسەرە کاریگەرەکان ئەوەیە کە منداڵ لە ڕێگەی جیاوازەوە چارەسەر دەکرێت، وەکو: یاری و چیرۆک و وێنەکێشان و ...هتد.



**(٦) بنەما لە چارەسەرکردن بە ڕێگەی یاریکردنەوە**

١. پەیوەندی کۆمەڵایەتی گرنگترین بنەمایە لە چارەسەرکردن بە ڕێگای یاریکردن. منداڵ یاری خۆشدەوێت، ئەگەر لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی گەرم و گوڕدا ئەنجامبدرێت.
٢. منداڵ دەبێت بە بێ هۆ قبوڵبکرێت، یاریکردن لە گەڵ ئەو بە مەرجی باشبون، هەڵەیە. دەبێت بە منداڵ بوترێت تۆم خۆشدەوێت، بەڵام ئەو کارەم خۆشناوێت کە کردوتە.
٣. منداڵ لە کاتی یاریکردن دەبێت ئازادبێت و سنوری بۆ دانەنرێت، بەڵام لە ژێر چاودێری کەسێکی گەورەدا بێت.
٤. یاریکردن گرنگە بۆ ئەوەی توانای منداڵ هەژمار بکرێت، هەروەک لەم ڕێگەیەوە خاڵە لاوازەکانی کەسێتی و ڕەفتاری منداڵەکەش دەستنیشان دەکرێت و دواتر دەتوانرێت چارەسەر بکرێت.
٥. چارەسەر لە ڕێگەی یاریکردن بە ماوەیەکی کەم دەرناکەوێت و نابێت بۆ چارەسەر پەلە بکرێت، چونکە هەر منداڵێک لە گەڵ منداڵێکی تر جیاوازە.
٦. لە پاڵ ئازادی دان بە منداڵ، سنوری بۆ دیاری دەکرێت تا منداڵ هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و بەمشێوەیە لە چارەسەر نزیک دەبێتەوە.

**سودە سەرسوڕهێنەرەکانی یاریکردن**

چارەسەر لە ڕێگای یاری بە جۆرێکە کە پزیشک دەچێتە ناو دنیا و دەرونی منداڵ و لە ڕێگەی چیرۆک و جوڵەی منداڵانەوە ڕەگی گرفتی منداڵ دەدۆزێتەوە.
پزیشکێکی دەرونناسی منداڵان دەڵێت: بە یاریکردن و شێوازی قسەکردن و تەنانەت شێوازی دانیشتنی منداڵ درک بە کێشە و گرفتی منداڵ دەکرێت.
بۆ نمونە: هەندێک منداڵ لە سەر شوێنی پیس یان خۆڵاوی دادانیشێت یان دەست بۆ گوڵ نابات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو منداڵە وەسواسی هەیە.
یان منداڵی شەڕانگێز، کەرەستەی یارییەکانی فڕێ دەدات بۆ کەسی بەرامبەر.
لە ڕێگەی چارەسەر بە یاری، هەست و بارودۆخی منداڵ ئاشکرا دەکرێت، لە دوای ئەوە هەوڵدەدەین ڕەفتاری منداڵەکە بگۆڕین. لە بەرئەوەی منداڵ حەزی لە یاریکردنە بۆیە باشترین چارەسەرە بۆ ئەم گیروگرفتە، چونکە ناتوانین منداڵ تا تەمەنی ١٠ ساڵی لە پشتی مێزێکەوە دابنێین و داوای ڕونکردنەوەی بارودۆخی لێ بکەین، تەنها بە ڕێگەی یاریکردن دەتوانین بگەین بە دنیای منداڵ.

> لە ڕێگەی چارەسەر بە یاری، هەست و بارودۆخی منداڵ ئاشکرا دەکرێت

یەکێکی تر لە ڕێگەکانی دەستنیشانکردنی کێشەی منداڵەکانمان، پەنابردنە بۆ چیرۆک و گێڕانەوە.
دەتوانرێت لە گێڕانەوەی چیرۆکێک بۆ منداڵەکە دواتر پرسیار لە گرفتی ناو چیرۆکەکە لە منداڵەکە بکەین، بۆ نمونە لێی دەپرسین: «بە ڕای تۆ پشیلە بچوکەکە کێشەی چییە وا خەمبارە؟»، منداڵەکە هەر وەڵامێک بداتەوە ئەوە گوزارشتە لە کێشەی منداڵەکە، وەکو بڵێت: لەوانەیە دایک و باوکی لێیان دابێت. بەم شێوەیە ڕەگی گرفتی دەرونی منداڵ دەدۆزینەوە.
جۆرێکی تری یاریی و بابەتی پشودانی منداڵان، وێنەکێشانە. وێنەکێشان نهێنی زۆر ئاشکرا دەکات. بۆنمونە: ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان جیابونەتەوە، کاتێک داوای وێنەیەکی لێبکەیت، وێنەی دایک و باوکی دور لە یەک یان بە قەبارەیەکی بچوک دەکێشێت و خۆی لە نێوانیان دایە و دەستی دایک و باوکی بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو بار و بۆشاییە عاتیفی و دەرونییەی کە خۆی هەستی پێدەکات.

# چەند هەنگاوێک بۆ ئەوەی فێری شیکپۆشی بیت

■ نەوژین
ئامادەکردنی: سێوە محەمەد

**لەم ڕۆژگارەدا شیکپۆشی و ستایلی جلوبەرگ زۆر لەوە زیاتر قسە هەڵدەگرێت کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، بۆیە گرنگی زۆر بەو جلوبەرگانەت بدە کە ڕۆژانە لەبەری دەکەیت، کات بۆ هەڵبژاردنیان تەرخان بکە بۆ ئەوەی شیک و سەرنجڕاکێش دەرکەویت.**

لەوانە بەشێکی زۆری پارە بۆ کرینی جلوبەرگت تەرخان بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەش دا ڕێکپۆش دەرناکەویت، هەرچەندە ڕێکپۆشیش هونەرە، بەڵام دەکرێت فێری بیت، چونکە هیچ شتێک مەحاڵ نییە.
بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش و شیک بیت، ئەمە کارێکی گران نییە، نهێنیەکانی شیک بون لێرەیە. ئەم چەند هەنگاوە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە فێری هێڵە سەرەکییەکانی جوانپۆشی بیت.

هەنگاوی یەکەم:
نەک تەنها لەبواری فاشن، بەڵکو لە هەمو بوارەکانی ژیاندا ئەم یاسایە بەکار بێنە «یاساکان بزانە و یاسای خۆت هەڵبژێرە».
سەرەتایی ڕێنماییەکانمان ئەوەیە سەیری بەرنامەی تایبەت بەجوانکاری و گۆڤاری تایبەت بە فاشن بکە تا یاسا سەرەکییەکانی بواری فاشن بزانیت، وەکو: چۆنیتی تێکەڵکردنی ڕەنگەکان، جۆرەکانی قوماش تا بتوانی ستایلی تایبەت بەخۆت هەبێت، هەرگیز نەکەویتە دوای لاسای کردنەوەی کەسانی چوار دەورت و کەسێکی کۆپی مەبە.



چاودێری خانمە جوانپۆشە بەناوبانگەکان بکە، بۆ ئەو مەبەستە تەنها ئەوە بەسە سەرێک لە ئەنتەرنێت بدەیت و بەدوای ئەو خانمانەدا بگرێت تا بزانیت چی لەبەر ئەکەن، جگە لەوەش چەندین پەیج و ماڵپەڕی تایبەت بەجوانکاری خانمان هەیە دەتوانیت سودیان لێ وەربگریت و ستایلی تایبەت بەخۆتی تیا بدۆزیتەوە.
هەنگاوی دوەم:
بەرنامە دانان زۆر گرنگە هەروەکو چۆن کەسەکان بەرنامەی تایبەتی هەفتانەی خواردنیان هەیە، ئەگەر دەتەویت تۆش کەسێکی شیکپۆش بیت، دەبێت بەرنامەیەکی تایبەتی هەفتانەی پۆشینت هەبێ، بۆ نمونە: لە ڕۆژی شەمە تاکو پێنجشەم بۆ سەر کارەکەت چی لەبەر ئەکەیت، ئەی کۆتایی هەفتە بۆ کۆبونەوە و چونەدەرەوە تایبەتییەکان چی لەبەر دەکەیت؟ ئەگەر بەرنامەی تایبەتی جل پۆشینت هەبێت توشی قەلەقی و دو دڵی نابیت و بەپێی ئەو بەرنامەیە دەڕۆیت کە خۆت داتناوە.
هەنگاوی سێیەم:
ئەگەر باوەڕ دەکەیت یان نا، بەڵام کەسانی شیکپۆش جلی زۆریان نییە، بەڵام کوالێتی جلەکانیان باشە و زیاد لە چەندجارێک لەبەری دەکەن، واتا لەبری ئەوەی ٥ پارچەی هەرزان بکڕیت، یەک پارچەی باش بکڕە، دڵنیام بەتایبەتی کچان کاتێک دۆڵابەکانیان دەکەنەوە بەشێکی زۆری جلەکانیان لەبەرناکەن و بەشێکی هەر بەکار ناهێنن!
بۆیە یاسای فێربونی شیکپۆشی، وەلانانی ئەو پارچانەیە کەلەبەریان ناکەیت.
هەنگاوی چوارەم:
ئەگەر لەودەستە خانمانەیت بەردەوام جلی ڕەسمی دەپۆشیت، کاتێکی زۆر بۆ تەنسیقکردنی جلەکان تەرخان دەکەیت، ئەم ئاساییە بشکێنە، دەتوانیت بە پانتۆڵێکی کابۆ و دەستێک جلی سپۆرتیش زۆرسەرنجڕاکیش و شیک دەرکەویت.

> یاساکان بزانە و یاسای خۆت هەڵبژێرە

ئەگەریش ترست هەیە و هەست دەکەیت کە ناتوانیت بەئاسانی ستایلی خۆت بدۆزیتەوە، ئەوا بە ستایلی کلاسیک و ڕەنگە بێلایەنەکانی وەک: ڕەش و سپی و ڕەساسی دەست پێ بکە، بەڵام وەک هەنگاوی سەرەتا بزانە کامە ڕەنگت لێ دێت؟
هەنگاوی پێنجەم:
یەکێکیتر لەو شتانەی دەبێت فێری ببیت ئەوەیە کە «لەژیان بچیت» سەر لەخۆت مەشێوێنە.
مەبەستمان ئەوەیە کە وەکو ژیان چۆن تام و ڕەنگ و شتی جیاوازی تێدایە، دەبێت تۆش ستایلی کاژوەڵ و کلاسیک و سپۆرت بەکار بێنێت و تەنها یەک جۆر ستایل نەبێت، دەشتوانیت سود لەمە وەربگریت بەوەی هەمویان تاقی بکەیتەوە تا دەزانیت کامە ستایل لەهەموان زیاتر لێت نزیکە.
بە باوەڕ بەخۆبونی تەواوە ستایل و جلوبەرگەکانت هەڵبژێرە با قسەی دەوروبەرت کارت تێنەکات، چێژ لەپۆشینیان وەربگرە.

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# وێنەکێشان لەسەر ڕۆژنامەی (نەوژین)








■ نەوژین

**کچە هونەرمەندێکی شێوەکار لەکەلار، لە باتی کێشانی وێنە لەسەر کاغەزی سپی و قوماش و خام، جۆرێک لە هونەری دیکە تاقی دەکاتەوە، ئەویش کێشانی وێنەیە لەسەر روپەڕی ڕۆژنامەی چاپکراو، ئەو ڕۆژنامەیەش کە وێنەکەی لەسەر دەکێشێت، ڕۆژنامەی (نەوژین)ە.**

سروشت حەمید، کچە شێوەکاری شاری کەلار، مانگی رابردو پێشانگایەکی شێوەکاریی تایبەت بە کارەکانی لە ماڵی گەنجانی کەلار کردەوە. کە تیایدا ژمارەیەک لە تابلۆ هونەریەکانی خۆی نمایشکردبو کە چەند ساڵێکە سەرقاڵە بە کێشانیانەوە.

بەشێکی بەرچاوی تابلۆکانی ئەو کچە هونەرمەندە، کێشانی وێنەی جۆراوجۆری پۆرترێت و خەیاڵی و تەعبیری بو لەسەر روپەڕی ڕۆژنامەی (نەوژین). ئاخۆ چ شتێک پاڵی بەو کچەوە ناوە بۆ ئەم کارە؟

سروشت حەمید، لەوبارەوە رونیدەکاتەوە کە دەمێکە تەتەڵەی ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی دا دەکات، سەرەتا ویستویەتی لەسەر روپەڕی هەر ڕۆژنامەیەک ئەو کارە ئەنجام بدات، پاشان چونکە لەڕێگەی هونەرەیەکەیەوە ویستویەتی پەیامێک بگەیەنێت، هەربۆیە ڕۆژنامەی (نەوژین)ی هەڵبژاردوە.

سروشت، باس لەوەدەکات کە بەوپێیەی تابلۆکانی ئەو گوزارشت بون لە ئازادیی و ئازادیی ژنان و پرسی یەکسانی، بۆیە ڕۆژنامەی (نەوژین)ی هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی لەسەری وێنە بکێشێت.

باسی لەوەشکرد کە جگە لە تابلۆی تەعبیری، هەروەک ژمارەیەک پۆرترێت و وێنەی کەسیی کەسایەتی و هونەرمەند و وێنەی سروشتیشی کێشاوە و نمایشی کردون.

وتی: «پێشانگاکەی من لە چوارچێوەی چالاکیە جیاوازەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بو، بەوپێیەی ڕۆژنامەی (نەوژین) تایبەتە بە پرسی ژنان، بۆیە ئەوم بە باش زانی کە وێنەکانمی لەسەر بکێشم».

شێوازی ئەو وێنانەی کە لەسەر روپەڕی ڕۆژنامە چاپکراوەکانی (نەوژین) کێشاویەتی، زۆرتر «گرافیکی» بون، ئەمەش ستایڵێکە ئەو کچە شێوەکارە لەلای خۆی گرنگییەکی زۆری پێدەدات.

وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات، ویستویەتی لەپاڵ نمایشکردنێکی شێوازێکی تازەی هونەر لە ناوچەکە، سەرنجی هاوڵاتیان و بینەرانیش بۆ ڕۆژنامەی (نەوژین) رابکێشێت، کە خۆی بە ڕۆژنامەیەکی «پڕ سود» وەسفی دەکات.

سروشت حەمید، لەساڵی ١٩٩٧ لە کەلار لەدایکبوە، ئەگەرچی دەرچوی هیچ ناوەندێکی هونەریی نییە و بەڵکو پەیمانگای کۆمپیوتەری تەواو کردوە، بەڵام حەز و ویستی ئەو بۆ هونەر، هانیداوە کە رو لە بواری وێنەکێشان بکات.

جگە لەو پێشانگا تایبەتەی، بەشداریی لە چەندین پێشانگای شێوەکاری هاوبەش دا کردوە.

---

# کچە کەرکوکیەک براوەی پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤە




■ نەوژین

**لەنێو ١٦ ڕۆژنامەنوسی بەشداربو، کچە کەرکوکیەک توانی خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ بەدەستبهێنێت، کە رادیۆی دەنگ ساڵانە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەنجامی دەدات.**

لەرۆژی جیهانی راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/١٠، رادیۆی دەنگ بۆ سێیەم ساڵ لەسەر یەک، مەراسیمی پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤی راگەیاند کە پێشبڕکێیەکی ڕۆژنامەوانییە و گرنگیی بەو راپۆرت و چیرۆکە ڕۆژنامەوانیانە دەدات کە لە بواری مافەکانی مرۆڤ دا لە ڕۆژنامەوانیی کوردی دا بڵاودەکرێنەوە.

لە پپێشبڕکێکەدا ١٦ ڕۆژنامەنوس لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانەوە و لە هەردو رەگەز، بە راپۆرت و چیرۆکی ڕۆژنامەوانی بەشدارییان کردبو، ٣ لەوانە بون بە خاوەنی خەڵاتەکانی پێشبڕکێکە.

خەڵاتی یەکەمی پێبشڕکێکە بۆ وەرزی سێیەمی، بۆ ڕۆژنامەنوس (تارا عەزیز) بو لە کەرکوک، لەسەر راپۆرتێکی بەناونیشانی «لەزیندانەوە بۆ زیندان» کەلە سایتی (مەکتوب) بڵاویکردبویەوە.

خەڵاتی دوەم بۆ ڕۆژنامەنوس (گەرمیان حەمەپور) بو لە گەرمیان، لەسەر راپۆرتێکی لەبارەی خێزانێکی بێ نەوا لە ناحیەی رزگاری، کە لە کەناڵی NRT بڵاویکردبویەوە.

خەڵاتی سێیەم بۆ ڕۆژنامەنوس (زانا حەمەغەریب) بو لە بەغدا، لەبەرامبەر ئامادەکردنی راپۆرتێک بەناونیشانی «بەغدا، دۆزەخی نێرەموکەکان» کە لە ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاویکردبویەوە.

پاش بەدەستهێنانی خەڵاتەکە، براوەی یەکەمی پیشبڕکێکە ڕۆژنامەنوس (تارا عەزیز) خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی توانیویەتی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.

چیرۆکی راپۆرتی ئەو ڕۆژنامەنوسە، تایبەتە بە مناڵێک کە بەو هۆیەی دایکی تۆمەتبارە بە تێوەگلان لە کوشتنی هاوسەرەکەی، لەگەڵ دایکی دا لە زیندان بوە و هەر لە زیندانیش خراوەتە بەر خوێندن، تا ئەو کاتەی دایکی بۆ زیندانی بەغدا و ئەویش بۆ خانەی بێسەرپەرشتان لە هەولێر، گوزراوەتەوە.

پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ، یەکێکە لەو چالاکیەکانی رادیۆی دەنگ کە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED ئەنجامی دەدات و تائێستا ٣ وەرزی لێ بەڕێوەچوە.

